
# کتێبی حاجی قادری کۆیی




وەک بەشێکیتری پڕۆژەکەی لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کورد، ڕێبوار سیوەیلی کتێبێکی تایبەتی بەناوی (کتێبی حاجی قادری کۆیی) بڵاو کردەوە، کە (کاک بەدران عەلی) سپۆنسەری چاپکردن و هەریەک لە ئەکادیمیای کوردی و دەزگای زەریاب بڵاویان کردۆتەوە. چاپی کتێبەکەش لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات بووە لە هەولێر، کە نمونەی چاپێکی ڕێک و پێک و جوانە.

لە دووتوێی ٤٦٤ لاپەڕەدا، نووسەری ئەم کتێبە بە نمونەگەلێکی زۆرەوە لە شیعری حاجی قادرەوە، باسەکەی دەباتە پێش و بەڵگەی لێکدانەوەکانی دەخاتە ڕوو.

کتێبەکە بە شێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکیی پێکدێت کە یەکێکیان تایبەت کراوە بە شوێن و ئەویتریشیان بە کات لە شیعری حاجیدا و هەردووکیان وەک (خوێندنەوەیەکی فەلسەفیانە بۆ ئەزموونی شیعریی حاجی) خراونەتە ڕوو. جگە لە سەرچاوەگەلێکی زۆر وتازەی تیۆری، نووسەری ئەم کتێبە چەندین جار سەفەری مەیدانی بۆ ناوچەی زێدی حاجی قادر و زۆربەی ئەو شوێنانەی حاجی لێیان ماوەتەوە، کردووە و تێبینی و سەرنجی وردی خۆی لەبارەی پەیوەندییان بە شیعرەکانی حاجی و ڕەنگدانەوەیان تۆمار کردووە. ئەمە جگە لە چەندین وێنەی فۆتۆگرافی و تابلۆی هونەری کە تیایاندا بەشێکی دی ژیان و هزر و ئەزموونی حاجی و سەردەمەکەی، تیشکیان خراوەتە سەر. هەموو ئەمەش کارەکەی کردۆتە کارێکی ئەکادیمی و زانستی پتەو و بەشێوەیەکی ڕوون و بێ گرێ خوێنەر ئاراستە دەکات بۆ ڕوانگەیەکی دیکە لەبارەی جیهانبینی ئەم شاعیرەوە.

گرنگترین خاڵ لە کتێبەکەی نووسەردا ئەو پەیوەندییە پتەوەیە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا دروستیکردووە و لەبەر ڕۆشناییدا ئەزموونەکەی حاجی دەخوێنێتەوە، ئەمەش شتێک بوو کە سیوەیلی پێشتر لە (کتێبی نالی)شدا بە شێوازێکی ورد ئەنجامی دابوو. ڕوانگەی فرەدیسپلینی و فرەمیتۆدی نووسەر ئاسانکارییەکی زۆر بۆ کردووە کە لە هەمان کاتدا چەندین ڕەهەندی ئەم ئەزموونە ببینێت، کە پێشتر باسیان نەکراوە. سیوەیلی لە ئاوڕدانەوەشیدا بۆ ئەو بەرهەمانەی پێش خۆی لەسەر حاجی قارد نووسراون، ئەمەگدارانە کاری کردووە و ئەو بەرهەمانەی کەسانێکی وەکو مامۆستا مەسعود محەمەد، خالید دلێر، مامۆستا جەعفەر و کەسانیتر، بەرز نرخاندوون. کۆتا بەشی کارەکەی وەک (پێشنیار بۆ داهاتوو)، خستۆتە ڕوو، کە تیایدا ڕوو لە توێژەران وقوتابیانی زانکۆ و هەرکەسێک بیەوێت لەبارەی حاجییەوە بدوێت، ئەو بابەت و سەرچاوانەی دەستنیشان کردوون کە هەلی توێژینەوەی دیکە لەسەر ئەزموونی حاجی قادر دەڕەخسێنن. بەمجۆرەش، سیوەیلی بواری لێکۆڵینەوەکەی بە کراوەیی جێهێشتووە و بەمەش هانمان دەدات کە لە پاشەڕۆژیشدا لەسەر ئەم جۆرە ئەزموونە بوەستین.



ڕێبوار سیوەیلی
کێتبی
حاجی قادری کۆیی
٢٠١٦



# کوردستان سەربەخۆ دەبێت
# بەڵام جیانابێتەوە



# یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق وەک بەدیلێک بۆ فەشەلی فیدراڵیزم


A Way Out:
The Union of
Iraqi States
IRAQ
Report #7
2003–2007
Pauline H. Baker




«لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە کات بۆ ئەم چارەسەرە درەنگیش بێت، بەڵام تەنیا رێگەیەک کە پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو پێشنیارەی پرۆفیسۆر لیسلی گلب–ە کە بەماوەیەکی کورت دوای کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ پێشنیاری کرد عێراق دابەش بکرێت، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٦ جۆزیف بایدن (ئەوکات سەرۆکی لیژنەی دەرەوەی پێوەندییەکانی سەنات بوو) پێشنیاری دابەشکردنی نەرم (Soft Partition)ی کرد، بەڵام سندوقی ئاشتی (The Fund for Peace) هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ داوای کرد مامەڵە لەگەڵ دابەشکردن (Managed Partition) بکرێت، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ دابەشکردنی عێراق، ئەوەیە گروپە ئیتنی و ئایینییە گەروەکان لێک جودابکرێنەوە، کە لە ئێستا وەک حاڵەتێکی قورس سەیردەکرێت کە مەبەستمان جیابکرێنەوە بۆ سێ دەوڵەتی خاوەن سەروەریی تەواو، لەبەرامبەر دابەشکردنی نەرم لە چوارچێوەی فیدراڵیەتێکی فشۆڵدا، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە چۆن بە وردی و هەستیاری مامەڵە لەگەڵ ئەو دابەشکردنە دەکرێت، ئەم دابەشکردنە دەبێتە هۆکاری ئەوەی توندوتیژیی مەزهەبی کەم ببێتەوە و هێزی بیانیش لە عێراق کەم بکرێتەوە.

یەکێک لە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ دابەشکردن شێوازی یەکێتی ئەوروپایە کە دەبێتە یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق (Union of Iraqi States) لەم شێوازەدا هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق (کوردو شیعەو سوننە) سەربەخۆیی سیاسی تەواویان دەبێت، بەڵام لە رووی ئابوورییەوە پێوەندییان بەیەکەوە دەبێت، وەک یەکێتی ئەوروپا، ئەمەش دەبێتە گەرەنتی بۆ ئەوەی هیچ کام لەو ٣ دەوڵەتە هەژموونی بەسەر ئەوی دیکەدا نەبێت و هەر دەوڵەتێکیش حکومەت و هێزی ئاسایش و بەرگری تایبەتی خۆی دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر چوارچێوەیەکی ئابووریی گەورە کۆیان بکاتەوە، ئەوا ژینگەیەک لە بازرگانی ئازاد و گومرگ دروست دەبێت و دەبێتە شوێنێکی سەرنجراکێش بۆ هاندانی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی، کۆمەڵێک پرەنسیپی هاوبەشیش لە نێوانیاندا دەبێت بۆ پاراستنی مافی کەمینەکان و هاتۆچوی کریکاران و کەڵەکەبوونی سەرمایە، لەم حاڵەتەدا پرسیاری یەکلاکەرەوە مەسەلەی داهاتی نەوت دەبێت کە ئێستا ئەم کێشەیە وڵاتی دابەشکردووە و چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش تەنیا لە رێگەی وتوێژی نێوان پێکهاتەکان و بە هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت، بۆ ئەوەی پشکی نەوت بۆ هەر دەوڵەتێک دیاری بکات و گەرەنتی داهات لەسەر بنەمای بەرهەمهێنانی نەوتی پێویست بێت.

دراوسێکانی عێراق و لایەنە نێودەوڵەتییەکان دەبێت ببنە بەشێک لەم چارەسەرە، بۆ ئەوەی گەرەنتی پشگیری دارایی و ئاسایشی سنوورەکان، رێککەوتنەکانی هێرشی سەربازی (هەروەها رێگرتن لە چالاکیی یاخیبووان) و ددانپێدانانی دیپلۆماتی، بەمجۆرە هەموو لایەک لەم رێکخستنەوەیە سوودمەند دەبن. ئێرانیش لەم چارەسەرە سوودمەند دەبێت، لەبەر ئەوەی دوای ئەم دابەشکردنە ئیدی هەرگیز عێراق نابێتەوە ئەو دەوڵەتەی توانای ئەوەی هەبێت شەڕی لەگەڵدا بکات، هەروەها تورکیا سوودمەند دەبێت لەبەر ئەوەی گەرەنتی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت بۆ ئەوەی پەکەکە سنوورەکانی نەبەزێنێت، سووریا و ئەردەن سوودمەند دەبن، لەبەر ئەوەی پەنابەرانی عێراقی دەگەڕێنەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا دۆڕاو دەبێت، تیرۆریستانی بیانی دەبن کە دوای ئەم چارەسەرە مانەوەیان کۆتایی دێت و جەماوەری ناوچەکە خۆیان دژی تیرۆریستان رادەوەستنەوە، بەمەش کێشەکانی عێراق چارەسەر دەکرێن.»



- پاولینا پارکەر – سەرۆکی سندوقی ئاشتی
- سەرچاوە: رێگەچارە: یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقە – A Way Out: The Union of Iraqi States

**لای سەرۆک بارزانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان پێوەندی بە هەموو لایەنەکانی کوردستانەوە هەیەو کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان لەوە بچووکترن کە لە پرسێکی ئاوا گەورەدا هیچ لایەنێک فەرامۆش بکرێت، هەر ئەمەش سیماو رەنگدانەوەی سەردانە سەرکەوتووەکەی شاندی کوردستان بوو**

### ● لە دابەشکردنی نەرمەوە بۆ مامەڵکردن لەگەڵ دابەشبووندا

لیسلی گلب سەرۆکی فەخری ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە بە ماوەیەکی کورت دوای کۆتاییهاتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە لەساڵی ٢٠٠٣، بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی تازە، پێشنیاری دابەشکردنی عێراقی لە چوارچێوەی سێ هەرێمی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا پێشنیار کرد، دوای سێ ساڵ بەسەر ئەم پێشنیارەدا، گۆڤاری گوڵان داوای دیمانەیەکی تایبەتی لە نووسینگەی پرۆفیسۆر گلب کرد، بەڵام ئەو داوای کرد پرسیارەکانی بۆ بنێرین و بەنووسین وەڵاممان بداتەوە، بەڵام لەبری ئەوەی پرسیار پرسیار وەڵاممان بداتەوە، نامەیەکی تایبەتی بۆ ناردبووین و تێیدا نووسیبووی: «پرۆسەی دابەشکردنی عێراق لەسەر بنەمای سێ هەرێمی فیدراڵی کارێکی هێندە ئاسان نییە. من ماوەی سێ ساڵە خەریکم، ئەوجا جۆزیف بایدن کە ئەوکات سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بوو، بەوە قایل بووە کە ئەم دابەشکردنە تەنیا رێگەچارەیە بۆ چارەسەرکردنی عێراق، بەڵام پێویستە ئەم دابەشکردنە نەرم (Soft Partition) بێت، ئەمەش واتە لە چوارچێوەی دەستوور و پرۆسەی سیاسی و بەدیالۆگ لەگەڵ پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق ئەنجام بدرێت.» ئەوکات لە ساڵی ٢٠٠٦ پرۆفیسۆر گلب بە گوڵانی راگەیاند، تەحەددی سەرەکیی لەبەردەم ئەم رێگەچارەیە عەرەبستانی سعودیەیە، لەبەر ئەوەی پێیانوایە ئەم دابەشکردنە، کوردستان بەرەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبات.

بەڵام لەساڵی ٢٠٠٦ شەڕی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننە گەیشتە ئاستێکی خوێناویی ئەوتۆ کە باڵیۆز پیتەر گالبرێس کتێبێکی بەناونیشانی کۆتایی عێراق (The end of Iraq) بڵاوکردەوە، گالبرێس لەم کتێبەدا ئاماژەی بە کوشتنی خاتوو ئەتوار بەهجەتی کەناڵی ئەلعەرەبیە کردووە کە باوکی سوننەیە و دایکی شیعەیە و لەلایەن کۆمەڵێك چەکدارەوە رفێندراوە و پاش ئەوەی هەتکیان کردووە، ئەوجا کوشتوویانە، ئەم نموونەیەی گالبرێس بۆ کۆتاییهاتنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ ئاماژەی پێکردووە، مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر پەروەردگار عەرەبی شیعە و سوننە لەناو یەك مرۆڤیشدا تێکەڵ بکات، ئەوا شیعەو سونەی عێراق دژی ئیرادەی پەروەردگاریش رادەوەستنەوەو ئەم تیکەڵییە قبووڵ ناکەن وتەنیا رێگە ئەوەیە کە هەموو لایەك دان بە کۆتاییهاتنی عێراقدا بنێن.

هەر لەم ساڵەدا وەك هەوڵێکی هاوبەش لەنێوان گۆڤاری فۆرین پۆلیسی و سندوقی ئاشتی کە ساڵانە بە هاوبەشی ئاماری دەوڵەتە فاشیلەکان بڵاو دەکەنەوە، لەساڵی ٢٠٠٦ عێراقیان وەك یەکێك لە دەوڵەتە هەرە فاشیلەکانی جیهان پۆلێن کردبوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەم دەوڵەتە فاشیلە و دووبارە بونیادنانەوەی وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ و بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق کە جەختی لەسەر عێراقێکی یەکپارچە و یەکگرتوو دەکردەوە، رێکخراوی سندوقی ئاشتی بە هاوکاری گۆڤاری فۆرین پۆلیسی دیراسەتێکی ١٤٨ لاپەڕەیان بە ناونیشانی (رێگەچارە: یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقە- A Way Out: The Union of Iraqi States)، ئەم توێژینەوەی سندوقی ئاشتی کە لەهەمان رێگەچارەی لیسلی گلب بۆ دابەشکردنی عێراق سەرچاوە دەگرێت و جۆزیف بایدن کردبووی بە دابەشکردنی نەرم، ئەم دیراسەتە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، ئێستا لەسەر ئەرزی واقیع لە عێراقدا دابەشبوونەکە دروست بووە، بۆیە گرنگە بیرلەوە بکەینەوە چۆن مامەڵە لەگەڵ دابەشکردنەکە (Man-aged Partition) بکرێت، دیارە سندوقی ئاشتی جیهانی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دابەشبوونی کردەیی لە عێراقدا، پێشنیاری ئەوەی کردبوو بەشێوازی یەکێتی ئەورووپا، یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق دابمەزرێت، سێ دەوڵەت بە سەروەریی تەواویانەوە لەناو عێراقدا لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا دروست بکرێت، ئەم سێ دەوڵەتە لەرووی سیاسییەوە سەربەخۆیی تەواویان دەبێت، بەڵام لەنێوان ئەم سێ دەوڵەتەدا پێوەندییەکی ئابووری کۆیان دەکاتەوە، مەسەلەی نەوت و داهاتەکەشی بە دیالۆگ لەنێوان هەرسێ دەوڵەت و بەهاندان و پشتگیری نیودەوڵەتی چارەسەر دەکرێت.

**پێدەچێ ئەمیری کۆمەڵ و میدیای کۆمەڵی ئیسلامی زوو هەستیان بەوە کردبێت کە نەبوون بەیاوەری شاندی بارزانی دواکەوتنە لەکاروانی سیاسی لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنینە، ئیفلاسی سیاسی بزووتنەوە مۆدێرنەکەی گۆڕانە، کە هیچی بەدەستەوە نەمابوو، پەرلەمانتارەکانیان کاوێژی قسەکانی مالیکی و هەوادارنی مالیکی-یان دەکردەووە، یان تەلەفزیۆنەکەیان KNN زۆر بێباک و بێشەرمانە ئەو تویت و پۆستانەی بڵاودەکردەوە کە ئەندامانی دەعوای مالیکی لە فەیسبووک و تویتەر بڵاویان دەکردەوە**

ئەم دیراسەتە هاوبەشەی سندوقی ئاشتی و گۆڤاری فۆرین پۆلیسی کە چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دابەشبوونی عێراقی پێشنیار کردووە، لەبری ئەو دابەشبوونە نەرمەی جۆزیف بایدن داوای دەکرد، قۆناخێکی پێشکەوتووتری ئەو چارەسەری دابەشبوونەیە کە لیسلی گلب لە ساڵی ٢٠٠٣ پێشنیاری کرد، ئەوجا هەروەك چۆن لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٦ ئیدارەی ئەمریکی نەگەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دروستکردنی سێ هەرێمی فیدراڵی وەك دابەشبوونێکی نەرم لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق تەنیا چارەسەرە، ئەوا دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی سندوقی ئاشتی-یش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دابەشبوونی کردەیی عێراق، سەرۆك بوش بریاری زیادکردنی بەپەلەی هێز (Surge) و دروستکردنی هێزی سەحوەی بۆ عەرەبی سوننە کرد، لەم پرۆسەیەدا هێزی سەحوەی عەرەبی سوننە بە هاوکاری هێزەکانی ئەمریکا توانییان رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق لە ئەنبار تێکبشکێنن.

ئەگەر سەرنج لە شێوازی چارەسەرەکەی سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش بدەین، راستە ئەم شێوازە بووە هۆکاری ئەوەی رێکخراوی قاعیدە لقی عێراق لە عێراقدا تێکبشکێندرێت، بەڵام نەبووە هۆکاری ئەوەی لە چوارچێوەی رێککەوتنی باری هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا (SOFA)، خشتەیەکی زەمەنی بۆ کەمکردنەوەو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دابنرێت، سەرۆك بوش دوای سەرکەوتنی ستراتیژیەتی ناردنی بەپەلەی هێز و دروستکردنی هێزەکانی سەحوەی عەرەبی سوننە، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانێت رێککەوتنی سۆفا ئیمزا بکات و دوای ئەو رێککەوتنەش دەتوانێت هێزەکانی ئەمریکا هەنگاو بەهەنگاو تا کۆتایی ٢٠١١ بکێشێتەوە، بەڵام هەر لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەردەمی ئیدارەی ئۆباما لە عێراق، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق لەبری ئەوەی هێزەکانی سەحوە لەچوارچێوەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی عێراق رێکبخات، کەچی هێزەکانی سەحوەی هەڵوەشاندەوەو زیاد لەمەش لەچوارچێوەی سیاسەتێکی مەزهەبگەرایی شیعەی دیکتاتۆری هەوڵیدا تۆڵەی رقی ١٤٠٠ ساڵی نێوان شیعە و سوننە، لەعەرەبی سوننەی عێراق بکاتەوە، هەر ئەم سیاسەتە نەفام و دیکتاتۆرییەش وایکرد کە رێکخراوێکی دڕندەتر و ترسناکتر لە رێکخراوی قاعیدەی لقی عێراق دروست بێت، ئەویش داعش بوو کە لەماوەی شەش مانگی دوای راگەیاندنیدا موسڵی داگیرکرد و خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا راگەیاند و هەتا ئێستا ئەم خەلافەتە ئیسلامییەی داعش موسڵ و رەقەی لەبەردەستە و وەك خۆی ماوەتەوە.

کەواتە لە ئێستادا کە باس لە رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ دەکرێت، ئامانجی هەرە سەرەکی ئەوەیە عێراقی دوای داعش چۆن رێکدەخرێتەوە و چۆن دەتوانرێت لەناو عێراقدا هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد و شیعە و سوننە) شێوازیکی پێکەوەژیان لە نێوانیاندا بێتەئاراوە، ئەوا بارودۆخی عێراقی دوای داعش فەرزی کردووە کە ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و تەنانەت نەتەوەیەکگرتووەکانیشی ناچارکردووە، چۆن مامەڵە لەگەڵ واقیعی دابەشبوونی ئێستای عێراق دەکەن، ئەم قەناعەتە ناچارییەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە جارێکی دیکە عێراق یەکپارچە نابێت، ئەگەر میکانیزمێك نەدۆزنەوە بەوەی چۆن بە وردی و هەستیاری مامەڵە لەگەڵ دابەشبوونی ئەرزی واقیعی عێراق بکەن، دابەشبوونێك کە سنووری ئێستای عێراق وەك خۆی بهێڵێتەوە، بەڵام فیدراڵیزم بەمانای (یەکێتی نێوان هەرێمەکان) بگۆڕێت بۆ یەکێتی نێوان ئەو دەوڵەتانەی لە عێراقدا دروست دەبن.

### ● هەوڵێك بۆ چارەسەری فاشیلی سیستمی دەوڵەت و شککردنی ژینگەی پاراوی تیرۆریستان

لەدوای راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی بەگشتی و دوای ئاڵۆزبوونی رەوشی سووریا و دروستبوونی خەلافەتی ئیسلامی داعش لە سووریا و عێراق، ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ناتۆ، وتوویژی جدییان لەسەر ئەوەیە ئایا بە چ شێواز و رێگەچارەیەك دەتوانرێت کۆتایی بە کێشە و

**پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی کە بڕیاردەری لیژنەی داراییە لە پەرلەمانی عێراق بەجۆرێك سەری لەخۆی تێکدابوو، بەشاندی کوردستانی دەگوت شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، خواهەڵناگرێت بێژەرەکەی تەلەفزیۆنەکەی کۆمەڵ هەوڵیدا تێیبگەیەنێت ئەو شاندە شاندی کوردستانەو کۆمەڵێك حزب لەخۆی دەگرێت، بەڵام پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ لەبری ئەوەی داوای لێبوردن بکات و هەڵەکەی راستبکاتەوە، گوتی: ئەمە شاندی پارتی دیموکراتی کوردستانەو ئەو حزبانەی دیکە لەبەر خاتری کاك مسعود بارزانی لەگەڵی هاتوون**

**ئەوانەی بە عەقڵی کۆن سیاسەت دەکەن، نەیانتوانی خۆیان بکەنە یاوەری بارزانی و بەشێك بن لە نەخشەڕێگە تازەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دوای ئەوەشی ئاستی پێشوازی و زمانی تازەی قسەکردنی نێوان بەغدا و کوردستانیان بینی، دیسان گەڕانەوە بۆ ئەو زمانە کۆنەی ماوەیەک پێش ئێستا سەری رەزامەندییان بۆ قسەکانی نوری مالیکی دەلەقاند**

**ئەگەر دوای داعش . عێراق بەشێوەیەک ڕێکبخرێتەوە کە سەقامگیری و پێکەوەژیان دروست بکات، نەک ئاژاوە و تیرۆر و توندوتیژی، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر کێشەی لەکۆڵ دەبێتەوە، لەهەمانکاتیشدا ڕێگەنادەن بە بەلکانبوونێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بێتەوە**

**کێشەو گرفتی سەرەکی لەسەر دابەشکردنی عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەوەیە، دەوڵەتێک لەدەوڵەتێکی دیکە بەهێزتر بێت لەڕووی ئابوورییەوە، ترسی ئەوە هەیە ئەم ئابوورییە بەهێزە بگۆڕێت بۆ هەژموونی سیاسی و سەربازی دەوڵەتێک بەسەر دەوڵەتێکی دیکەدا، بەڵام لە پرۆسەی یەکێتی دەوڵەتانی عێراقدا، پێوەندییەکی ئابووری هەر سێ دەوڵەتەکە پێکەوە گرێدەداتەوە**

**حکومەتی بەغدا و ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران، پێداگیری ئەوە دەکەن کە نابێت سنوورە تەقلیدییەکانی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەم پرۆسەیەدا عێراق دابەش دەکرێت بەبێ ئەوەی سنوورە تەقلیدییەکانی گۆرانکاری بەسەردا بێت**

ئاژاوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بهێنرێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بەشێوەیەکی گشتی و گشتگیر هەموو ئەو ناوەندە فیکرییانە لەسەر چەند خاڵێك گەیشتوونەتە چەند قەناعەتێك لەوانە:

١. ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا، واتە هەر لە لیبیاوە تادەگاتە یەمەن و سووریا و عێراق، تەنیا ئەوەندە نییە دەوڵەتانی ناوچەکەی کردبێتە دەوڵەتی فاشیل، بەڵکو کۆی ناوچەکە بۆتە ناوچەیەکی فاشیل، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سیستمی دەوڵەتییەی کە لەم ناوچە فراوانەدا دەوڵەتی لەسەر دروستکراوە، سیستمێکی فاشیلە و دەبێت بە سیستمێکی تازە ئەم دەوڵەتانە جارێکی دیکە بونیاد بنرێنەوە.

٢. دەستکاریکردنی سنوورەکان، یان دووبارە داڕشتنەوەی سنوورەکان کارێکی ئاسان نییە، ڕاستە ئەم سنوورە دەستکردانەی سایکس پیکۆ هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو کێشە و ئاژاوانەن کە لە تەواوی ئەو ناوچەیە دروست بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستکاریکردنیان ئاسان نییە، ئەوا دەبێت لە چوارچێوەی پەنابردن بۆ سیستمێکی تازەی بونیادنانەوەی دەوڵەت، لەناو سنوورە کۆنەکاندا بیر لە دابەشکردن و شێوازی تازەی دیکە بکرێتەوە.

٣. لەناو سنوورە کۆنەکانی سایکس پیکۆ، هەموو کات بونیادی دەوڵەت خۆی فاکتەری سەرەکیی ناسەقامگیری و دروستکردنی ئاژاوە بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە شێوازی بونیادنانەوەی دەوڵەت لەلایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیزمی فەرەنسی و بەریتانیاوە بەوجۆرە بووە کە هەمیشە کەمینەیەك حوکمڕانی بکات، بۆ نموونە عەرەبی سوننەی کەمینە لەعێراق و عەلەوی کەمینە لەسووریا، عەرەب لە دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیاو پشتگوێخستنی ئەمازیغیەکان، ئەمەش وایکردووە کە بەردەوام کەمینەی حوکمڕان بەرەو دیکتاتۆریەت و عەسکەرتاری و سەرکوتکاریی پێکهاتەکانی دیکە هەنگاو هەڵبگرێت، بۆیە ئەگەر ئێستا بیر لە چارەسەر و ڕیشەکێشکردنی سەرچاوەی ئاژاوە بکەینەوە، ئەوا دەبێت لەناو سنوورە تەقلیدییەکاندا بیر لە جۆرێك لە دابەشبوونێکی تازە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی نە کەمینە حوکمڕان بێت، وەك شێوازی فەرەنسی و بەریتانی کۆن، نە زۆرینەش حوکمڕان بێت، وەك شێوازی ئەمریکی لەدوای ئازادکردنی عێراق.

گومانی تێدا نییە زۆربەی ئەو چارەسەرانەی بۆ کێشەکان دەدۆزرێنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، سەرەتا لەناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەك چۆن ڕاپۆرتی دیراسەتی عێراق بۆ جاری یەکەم لەمیانەی ئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە خرایەڕوو، پاشان چووە ناو ئیدارەی ئەمریکا، بەهەمان شێوە لە ئێستاشدا ئەو پێشنیار و بۆچوونانەی لەدوای ساڵی ٢٠١٢ و ٢٠١٣ لەتەواوی سەنتەرەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژئاوا باسی لێوە دەکرێت، ئێستا خزاوەتە ناو پرۆسەی بڕیار دروستکردنی تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیدارەی ئەمریکا.

دیارە لەساڵی ٢٠١٢ دوای ئەوەی ئەمریکا تەواوی هێزەکانی لە عێراق کشانەوە، لە ژمارەی مانگی ئادار و نیسانی هەمان ساڵدا، گۆڤاری فۆرین ئەفێرز دیراسەتێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی: (ئەو عێراقەی دوای خۆمان بەجێمان هێشت: جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی دیکەی فاشیل دەکات)، ئەمە مانای ئەوەیە تەنیا سێ مانگ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە پێشبینی ئەوەیان کردووە کە عێراق دەبێتە دەوڵەتێکی فاشیل. لە ٢٠١٣ کەناڵی CNN ئەو پرسیارەی وروژاند: (ئایا عێراق لە گرێژنە دەرچووە؟ (IS Iraq Unraveling ?)، ئەم پرسیارە بەو مانایە وروژێنراوە، ئایا عێراق وەك دەوڵەت چیدیکە دامەزراوەکانی کاردەکات، یان نە؟ لەبەرامبەردا و دوای کەمتر لەیەك هەفتە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك زۆر جوان وەڵامی پرسیارەکەی CNNی دایەوە و گوتی: بەڵێ عێراق لە گرێژنە دەرچووە، تەنیا شەش مانگ دوای ئەم وەڵامدانەوەیە، داعش خۆی ڕاگەیاند و پاشانیش خەلافەتی ئیسلامی داعش ڕاگەیەندرا.

لێرەوە ئەگەر هەموو ئەو شێوازانەی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٧ تا ٢٠١٦ تاقیکردبێتەوە و هیچ ئاکامێکی ئەرێنی بۆ عێراقی دوای داعش بەدەست نەهێنابێت، ئەوا چۆن جۆزیف بایدن دوای سێ ساڵ بەسەر ئازادکردنی عێراقدا کە ئەوکات سەرۆکی لیژنەی پێوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بوو، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت لەچوارچێوەی دابەشکردنی نەرم مامەڵە لەگەڵ پێشنیارەکەی لیسلی گەلب بۆ دابەشکردنی عێراق بگرێت، ئەوا ئێستا کە جێگری سەرۆکی ئەمریکایەو کەسی یەکەمی بەرپرسە لە دۆسیەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق، ئەوا لەمیانەی وردبوونەوە لە مامەڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لەگەڵ واقیعی ئێستای عێراقدا، کۆمەڵێك ئاماژەو بەڵگە دەرکەوتوون کە لە ئێستادا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لەدابەشکردنی نەرم لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی وەرچەرخاوە بەرەو مامەڵەکردنی واقیعییانە لەگەڵ ئەو دابەشبوونە کردەییەی ئێستا لەعێراقدا بوونی هەیە و هەوڵێکە بۆ ئەنجامدانی ئەو دابەشبوونە بۆ ئاستی دەوڵەتی سەربەخۆ لەچوارچێوەی عێراقدا، ئەم وەرچەرخانەی لەناو سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق دروستبووە، لە شێوازی پیادەکردنی سیاسەتی بەغداو حکومەتەکەی عەبادیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان رەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی دوای رازیبوونی حکومەتی عەبادی بۆ ئیمزاکردنی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پێنتاگۆن، هەروەها لە رێککەوتنی سیاسیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا بۆ پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ و هەماهەنگی و هاوکاری نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە وەك سوپای کوردستان، لەسەرووی هەمووشیانەوە سەردانی ئەمجارەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا بەیاوەری شاندێکی کوردستانی و قسەکردن لەسەر سیاسەتی نەوتی نێوان کوردستان و بەغدا، پرسی داهات و خۆشگوزەرانی هەرێم و بەشەکانی دیکەی عێراق، ئەمانە بەڵگە و ئاماژەی ئەوەن، ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق لەگەڵ سەربەخۆیی سیاسیی تەواوی کوردستاندایە،

بەڵام دەبێت هەرێم و عێراق پێوەندییەکی ئابووری پێکەوە کۆیان بکاتەوە، لەسەر بنەمای ئەم لێکتێگەیشتنەی نێوان کوردستان و بەغدا، لە ئێستاوە رێگەچارەی شیاو بۆ عەرەبی سوننەی عێراق بدۆزرێتەوە، رێگەچارەیەك کە لەناو سنووره تەقلیدیەکانی عێراقدا سەقامگیری و گەشەسەندن و بەرەوپێشەوەچوون دەستپێبکاتەوە و هەروەها ریشەکێشی فیکری توندڕۆیی و وشککردنی ژینگەی پاراوی بەرهەمهێنانی تیرۆریستان مسۆگەر بکرێ، ئەم ئامانجانەش هەموویان پێکەوە ئەو کاتە دێنەدی کە کیانە سیاسییەکانی (کوردو شیعەو سوننە) لەرووی سیاسییەوە سەربەخۆیی تەواویان هەبێت و لەبازنەی ئابووریدا هەماهەنگی و هاوکاری پێکەوە کۆیان بکاتەوە.

**● سەردانی ئەمجارەی شاندی کوردستان و وەرچەرخانی ریشەیی لە پێوەندییەکاندا**

سەردانی چەند رۆژی رابردووی شاندی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی و ئەندامیەتی هەموو لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان بێجگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان) بۆ بەغدا و ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوەی گشتی و تایبەتی لەگەڵ د.حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، بێجگە لەمالیکی و باڵەکەی، وەرچەرخانێکی گرنگ و سەرسوڕهێنەرە لە پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا.

ئەوەی لێرەدا گرنگە هەڵوەستەی وردی لەسەر بکرێت، ئەوەیە کۆبوونەوەی شاندی کوردستان لەگەڵ حکومەت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق، نە دەستپێشخەریی هەرێمی کوردستانە بەو مانایەی کوردستان داوای کردبێت ئەم جۆرە کۆبوونەوانە بکرێت، نە دەستپێشخەریی حکومەتەکەی عەبادی-یشە بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارەسەر بکرێت، بۆیە ئەگەر سەرنج لەکۆی ناوەڕۆکی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی نێوان شاندی کوردستان و بەغدا بدەین، کەم تا زۆر باس لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ و ئەو کێشانەی وەك ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەوەی بەغدا پێی دەڵێت ناوچەی

**لەوانەیە لە ئێستادا کە هێشتا موسڵ ئازادنەکراوەتەوە و نەخشەڕێگە تازەکە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی عێراق بەتەواوەتی رەنگدانەوەی لەسەر شێوازی کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە نەبێت، بەڵام لەنێوان کوردستان و بەغدا هەر لە ئێستاوە هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵگیراوە**

**پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێدەنێتە قۆناخێکی نوێ کە پێویستی بە رێوشوێن و میکانیزم و دەستوورێکی دیکەی هاوشێوەی دەستووری یەکێتی ئەوروپا دەبێت**

**ئەگەر سەرنج لەکۆی ناوەڕۆکی دانیشتن و کۆبوونەوەکانی نێوان شاندی کوردستان و بەغدا بدەین، کەم تا زۆر باس لە دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ و ئەو کێشانەی وەک ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەوەی بەغدا پێی دەڵێت ناوچەی ناکۆکی لەسەر، یان ماددەی ١٤٠ نەکراوە، سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەوت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش، ئاماژە بەوەکراوە کە هەوڵدەدرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام میکانیزمی ئەو هەوڵانە باس نەکراون**

**سەردانی چەند ڕۆژی رابردووی شاندی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆک بارزانی و ئەندامیەتی هەموو لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان بێجگە لە (کۆمەڵی ئیسلامی و گۆڕان) بۆ بەغدا و ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوەی گشتی و تایبەتی لەگەڵ د.حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق، بێجگە لەمالیکی و باڵەکەی، وەرچەرخانێکی گرنگ و سەرسوڕهێنەرە لە پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەولێردا**

**ئێستا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق لەگەڵ سەربەخۆیی سیاسیی تەواوی کوردستاندایە، بەڵام دەبێت هەرێم و عێراق پێوەندییەکی ئابوری پێکەوە کۆیان بکاتەوە**

**کۆمەڵێک ئاماژەو بەڵگە دەرکەوتوون کە لە ئێستادا سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە عێراق لەدابەشکردنی نەرم لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی وەرچەرخاوە بەرەو مامەڵەکردنی واقیعییانە لەگەڵ ئەو دابەشبوونە کردەییەی ئێستا لەعێراقدا بوونی هەیە و هەوڵێکە بۆ ئەنجامدانی ئەو دابەشبوونە بۆ ئاستی دەوڵەتی سەربەخۆ لەچوارچێوەی عێراقدا**

ناکۆکی لەسەر، یان ماددەی ١٤٠ نەکراوە، سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسی نەوت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیش، ئاماژە بەوەکراوە کە هەوڵدەدرێت چارەسەر بکرێت، بەڵام میکانیزمی ئەو هەوڵانە باس نەکراون. راشکاوانەتر ئەمجارەیان د.حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران کاتێك پێشوازی لە شاندی کوردستان کرد، پێشوازیکردن بوو لەو ئەمری واقیعەی ئێستا لە کوردستاندا بوونی هەیە و دداننپێدانان بوو بەو ئەمری واقیعەی کە لەمیانەی شەڕی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دژی داعش دروستی کردووە. دداننپێدانانی بەغداش بە ئەمری واقیعی تازەی کوردستاندا، دیارە وەك ئێوارەی پێش ڕۆیشتنی شاندی کوردستان بۆ بەغدا کە جۆزیف بایدنی سەرۆکی ئەمریکا بە تەلەفۆن لەگەڵ سەرۆك بارزانی قسەی کرد، ئاشکراکردنی ئەو نەخشەڕێگە تازەیەیە کە ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش و نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ شێوازی ڕێکخستنەوەی عێراقی دوای داعش دایانڕشتووە.

هەر بۆیە کاتێك دەڵێن ئەم کۆبوونەوەی نێوان شاندی کوردستان و حکومەتی بەغدا بە دەستپێشخەری هیچ لایەکیان نەبووە، ئەمە لەو روانگەیەوە دەڵێن، ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە لە ئاکامی دەستپێشخەری حکومەتی عەبادی-یەوە بوایە، ئەوا بەغدا پێش هەموو شتێك داوای گێڕانەوەی ئەو دەسەڵاتە سەروەرییانەی دەکرد کە ئەمری واقیع گواستوویەتەوە بۆ کوردستان، لەوانە (هێزی پێشمەرگە وەك سوپای سەربەخۆی کوردستان، هەناردەکردنی نەوت وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ، سەردانەکانی سەرۆکی کوردستان و شاندەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دەرەوە و پێشوازیکردنیان وەك سەرۆك و شاندی دەوڵەتێکی سەربەخۆ)، بەدیوەکەی دیکەشدا ئەگەر دەستپێشخەری کوردستان بوایە، ئەوا شاندی کوردستان بەرنامەیەکی ئامادەدەکرد و داوای چارەسەرکردنی کێشەکانی لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا دەکرد، بەڵام وەك بینیمان نە بەغدا مەرجی پێشوەختەی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە هەبوو، نە شاندی کوردستانیش، ئەمەش مانای ئەوەیە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا پێدەنێتە قۆناخێکی نوێ کە پێویستی بە ڕێوشوێن و میکانیزم و دەستوورێکی دیکەی هاوشێوەی دەستووری یەکێتی ئەوروپا دەبێت.

لەمیانەی ئەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی لە نێوان سەرۆك بارزانی و سەرۆك وەزیرانی عێراق دوای کۆبوونەوەکانیان بەڕێوەچوو، سەرۆك وەزیرانی عێراق بەشێوەیەکی زۆر تاکتیکییانە بە زمانێکی کۆن ئاماژەی بە دوو بارودۆخی نوێ دا، یەکەمیان ئەوە بوو کە راشکاوانە گوتی لەگەڵ پێدانی لامەرکەزی زیاترین بە پارێزگاکان، دووەمیان رایگەیاند: ئێمە پشتگیری لە سەقامگیری هەرێمی کوردستان دەکەین، دیارە سەبارەت بە یەکەمیان ئەگەر لە چوارچێوەی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا سەیری دەسەڵاتی لامەرکەزی پارێزگاکان بکەین، ئەوا پارێزگا ئەوجا بە تەنیا هەرێمێك بێت، یان لەگەڵ چەند پارێزگایەك هەرێمێك بێت، هەموو دەسەڵاتە ئیدارییەکانی بۆ شۆڕکراوەتەوە و ئەنجومەنی هەر پارێزگایەك وەك هەر حکومەتێکی لۆکاڵ شێوە پەرلەمانێکە و پارێزگاریش وەك سەرۆکی ئەو حکومەتە لۆکاڵە وایە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کاتێك عەبادی دەڵێت لامەرکەزی زیاتر دەدەینە پارێزگاکان، مەبەستی چی بوو؟ دیارە گوڵان لە ژمارەی پێشوویدا لەسەر بەرنامەی بەلامەرکزیکردنی ئاسایش the decentralization of security بۆ عێراقی دوای داعش، راپۆرتێکی بڵاوکردبووە، ئەم چەمکەش لەلایەن ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیك بۆ ریکخستنەوەی عێراقی دوای داعش ئاماژەی پێکراوە و بریتییە لەوەی پارێزگان (بەتایبەتیش پارێزگاکانی عەرەبی سوننە پێش ئەوەی لە هەرێمێکدا خۆیان ڕێکبخەن) دەسەڵاتی لامەرکەزیشیان بۆ ئاسایش و پاراستنی ناوچەکانی خۆیان پێدەدرێت، بەڵام عەبادی کە بە زمانە کۆنەکە ئاماژەی بەم وەرچەرخانە تازەیە کرد، مەبەستی ئەوە بوو کە ئەم راستییە بشارێتەوە، کە لەدوای ئازادکردنەوەی موسڵ و دووبارە ڕێکخستنەوەی عێراق، ئەوا ئاسایش و پاراستنی پارێزگاکان سەربەخۆ و لامەرکەزی دەبن، سەبارەت بە خاڵی دووهەمیشیان کە رایگەیاند ئێمە پشتگیری لە سەقامگیریی هەرێمی کوردستان



دەکەین، ئەمەشیان دیسان بە زمانە کۆنەکە درکاندی بۆ ئەوەی وای پیشان بدات، هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی هەر بەشێك دەبێت لە عێراقێکی فیدراڵی، بەڵام لە راستیدا دیوی ناوەوەی ئەم قسەیەشی واتە پێوەندی و بەرژەوەندی ئایندەمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و رێزی دوولایەنە دەبێت، واتە وەك دوو دەوڵەت لەناو یەکێتییەکدا کە عێراق کۆیان دەکاتەوە.

بەشێکی دیکە لە لێدوانی تازە لە قسەکانی سەرۆك بارزانی-دا بوو، کاتێك لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا لێیان پرسی: ئایا لە عێراق جیادەبنەوە؟ لەوەڵامدا سەرۆك گوتی: سەربەخۆ دەبین، بەڵام جیانابینەوە؟ ئەم وەڵامەی سەرۆك بارزانی لەدوای ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ عەمار حەکیم هات کە تابلۆیەکی هەڵواسیبوو، لەسەریشی نووسرابوو: (عێراق کۆمان دەکاتەوە)، دیارە ئەم وەڵامەی سەرۆك بارزانی دوای ئەوە هات کە پێشتر لە کۆبوونەوەکانی لەگەڵ عەبادی ئاماژەی بەوە کردبوو کە هاتووین بۆ ئەوەی پشتگیری حکومەتی عەبادی بکەین، لەبەرامبەریشدا کاتێك وتی سەربەخۆ دەبین، بەڵام جیانابینەوە، دیارە شرۆڤەکردنی ئەم دوو لێدوانەی سەرۆك بارزانی پێویستی بە تێگەیشتن لەو زمانە تازەیە هەیە کە هەردوولا زۆر بە هەستیاری جار جارە بە زمانی کۆن دەیاندرکاند، کەواتە ئەگەر بمانەوێت لەوە تێبگەین ئایا چۆن سەربەخۆ دەبین، بەڵام جیانابینەوە؟ ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو نەخشەڕێگە تازەیەی کە عێراقی دوای داعش و پێوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراقی پێ رێکدەخرێتەوە، ئەویش وەرچەرخانە لە فیدراڵیزم وەك یەکێتی نێوان هەرێمەکان بە هاوشێوەی کەنەداو بەلجیکا بۆ فیدراڵیزم بەمانای یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق بە هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپا.

> **ئەگەر ئێستا بیر لە چارەسەر و ریشەکێشکردنی سەرچاوەی ئاژاوە بکەینەوە، ئەوا دەبێت لەناو سنوورە تەقلیدییەکاندا بیر لە جۆرێک لە دابەشبوونێکی تازە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی نە کەمینە حوکمڕان بێت، وەک شێوازی فەرەنسی و بەریتانی کۆن، نە زۆرینەش حوکمڕان بێت، وەک شێوازی ئەمریکی لەدوای ئازادکردنی عێراق**

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە سەر راپۆرتەکەی پاولینا پارکەر کە لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ناونیشانی (رێگەچارە: یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقە) نووسیویەتی، دەبینین ئەو خاڵانەی بۆ یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق دایڕشتووە، بە راشکاوی لەزمانی قسەکردنی شاندی کوردستان و شاندی حکومەتی بەغدا رەنگدانەوەی هەبوو، لەوانەیە لە ئێستادا کە هێشتا موسڵ ئازادنەکراوەتەوە و نەخشەڕێگە تازەکە بۆ دووبارە رێکخستنەوەی عێراق بەتەواوەتی رەنگدانەوەی لەسەر شێوازی کۆمەڵگەی عەرەبی سوننە نەبێت، بەڵام لەنێوان کوردستان و بەغدا هەر لە ئێستاوە هەنگاوی کردەیی بۆ هەڵگیراوەو، ئەم نەخشەڕێگە تازەیەش خواست و داواکاری

**ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا، واتە هەر لە لیبیاوە تادەگاتە یەمەن و سووریا و عێراق، تەنیا ئەوەندە نییە دەوڵەتانی ناوچەکەی کردبێتە دەوڵەتی فاشیل، بەڵکو کۆی ناوچەکە بۆتە ناوچەیەکی فاشیل، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو سیستمی دەوڵەتییەی کە لەم ناوچە فراوانەدا دەوڵەتی لەسەر دروستکراوە، سیستمێکی فاشیلە و دەبێت بە سیستمێکی تازە ئەم دەوڵەتانە جارێکی دیکە بونیاد بنرێنەوە**

هەموو پێکهاتەکانی لەخۆی گرتووە و هەر پێکهاتەیەك بە شێوازێك خۆی لەم پرۆسەیەدا بەبراوە دەزانێت، دەکرێت لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١. کوردستان سەربەخۆیی دەوێت، لەم پرۆسەیەدا کوردستان سەربەخۆیی سیاسی تەواوی دەبێت و دەبێتە خاوەنی سەروەریی تەواو لە چوارچێوەی یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقدا.

٢. حکومەتی بەغدا و ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی تورکیا و ئێران، پێداگیری ئەوە دەکەن کە نابێت سنووره تەقلیدییەکانی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا بێت، لەم پرۆسەیەدا عێراق دابەش دەکرێت بەبێ ئەوەی سنووره تەقلیدییەکانی گۆرانکاری بەسەردا بێت.

٣. کێشەو گرفتی سەرەکی لەسەر دابەشکردنی عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ ئەوەیە، دەوڵەتێك لەدەوڵەتێکی دیکە بەهێزتر بێت لەرووی ئابوورییەوە، ترسی ئەوە هەیە ئەم ئابوورییە بەهێزە بگۆڕێت بۆ هەژموونی سیاسی و سەربازی دەوڵەتێك بەسەر دەوڵەتێکی دیکەدا، بەڵام لە پرۆسەی یەکێتی دەوڵەتانی عێراقدا، پێوەندییەکی ئابووری هەر سێ دەوڵەتەکە پێکەوە گرێدەداتەوە، داهاتی نەوت و دابەشکردنی بۆ هەرسێ دەوڵەتەکە دەبێت، هەروەها بارزگانی ئازاد لەنێوانیاندا دەبێت و پێکەوە پرۆسەی پەرەپێدانی یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراق دادەڕێژن، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج بدەین، جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان کوردستان و بەغدا دروستکراوە، بەوەی نە کوردستان ببێتە هەڕەشە بۆ سەر عێراق، نە ئەویش ببێتە هەڕەشە بۆ سەر کوردستان و هەردوولاشیان لەچوارچێوەی بازنە ئابوورییەکەدا رۆژ لەدوای رۆژ پێوەندییەکانیان فراوانتر و پتەوتر دەبێت.

٤. سەبارەت بەدەوڵەتانی دراوسێ، دیارە کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ دابەشکردنی عێراق راگەیاندووە، ئەم دژایەتیکردنە پێشتر وەك دژایەتی راستەوخۆ بۆ دەوڵەتی کوردستان لێکدەدرایەوە، بەڵام لەم پرۆسەیەدا کوردستانیش سەربەخۆ دەبێت و عێراقیش دابەش نابێت، لە هەمانکاتدا یەکێتی دەوڵەتەکانی عێراقیش، لەبەر ئەوەی هەر یەکەیان خۆیان جوگرافیای خۆیان دەپارێزن، ئەوا هەرگیز ئێران مەترسیی ئەوەی نابێت عێراقێکی بەهێزی وەك سەردەمی سەدام حوسێن دروست بێتەوە و شەڕی لەگەڵ بکات، سەبارەت بە تورکیاش، لەگەڵ ئەوەی پێشتریش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەوەی پیشانداوە کە کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان نابێت، بەڵام بەبوونی کوردستان بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ، تورکیا دەتوانێت لەسەر ئاستی رێککەوتن و پڕۆتۆکۆڵی نیودەوڵەتی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان بکات و ئاسایشی سنوورەکانی خۆی گەرەنتی بکات، بۆیە تورکیاش سوومەندیکی گەورە دەبێت.

٥. لەسەر ئاستی نیودەوڵەتی بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، دیارە بەپێی راپۆرتێکی نێودەوڵەتی ئەمریکا لەمیانەی ساڵی ٢٠٠٣ – ٢٠١١ زیاتر لە ٥-٦ ترلیۆن دۆلاری لەشەڕ و بونیادنانەوەی عێراق خەرجکردووە، ئەمە جیا لەوەی نزیکەی ٥٠٠٠ سەربازی کوژراون و دوو هێندەی دیکەشی بریندار بوون، لەدوای ساڵی ٢٠١٤ شەوە هەتا ئێستا نەك تەنیا ئەمریکا بەڵکو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشیش، باجێکی گەورەی شەڕی دژی داعشیان داوە بۆ ئەوەی خەلافەتی داعش برووخێنن، بۆیە ئەگەر دوای داعش ـ عێراق بەشێوەیەك رێکبخرێتەوە کە سەقامگیری و پێکەوەژیان دروست بکات، نەك ئاژاوە و تیرۆر و توندوتیژی، ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر کێشەی لەکۆڵ دەبێتەوە، لەهەمانکاتیشدا رێگەنادەن بە بەلکانبوونێکی دیکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بێتەوە.

### ● کۆتاییهاتنی شەڕی بەوەکالەت دژی سەربەخۆیی کوردستان

ئەوانەی بە عەقڵی کۆن سیاسەت دەکەن، نەیانتوانی خۆیان بکەنە یاوەری بارزانی و بەشێك بن لە نەخشەڕێگە تازەکە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دوای ئەوەشی ئاستی پێشوازی و زمانی تازەی قسەکردنی نێوان بەغدا و کوردستانیان بینی، دیسان گەڕانەوە بۆ ئەو زمانە کۆنەی ماوەیەك پێش ئێستا سەری رەزامەندییان بۆ قسەکانی نوری مالیکی دەلەقاند، سەبارەت بەو ئەقڵییەتە

**لە ئێستادا کە باس لە رووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش و ئازادکردنەوەی موسڵ دەکرێت، ئامانجی هەرە سەرەکی ئەوەیە عێراقی دوای داعش چۆن رێکدەخرێتەوە و چۆن دەتوانرێت لەناو عێراقدا هەرسێ پێکهاتەی سەرەکی (کورد و شیعە و سوننە) شێوازێکی پێکەوەژیان لە نێوانیاندا بێتەئاراوە**

کۆنە، پەرلەمانتارێکی کۆمەڵی ئیسلامی کە بڕیاردەری لیژنەی داراییە لەپەرلەمانی عێراق بەجۆرێک سەری لەخۆی تێکدابوو، بەشاندی کوردستانی دەگوت شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان، خواهەڵناگرێت بێژەرەکەی تەلەفزیۆنەکەی کۆمەڵ هەوڵیدا تێیبگەیەنێت ئەو شاندە شاندی کوردستانەو کۆمەڵێك حزب لەخۆی دەگرێت، بەڵام پەرلەمانتارەکەی کۆمەڵ لەبری ئەوەی داوای لێبووردن بکات و هەڵەکەی راستبکاتەوە، گوتی: ئەمە شاندی پارتی دیموکراتی کورستانەو ئەو حزبانەی دیکە لەبەر خاتری کاك مسعود بارزانی لەگەڵی هاتوون، تائێرە قسەکانی ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵ وەك «عوزر لە قەباحەت خراپترە»بوو، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو حزبانەی کوردستان لەبەر خاتری کاك مسعود بارزانی چووبوون بۆ بەغدا، ئەمە هەم شانازییە بۆ ئەو حزبانەو هەم شانازیشە بۆ سەرۆك بارزانی و پارتی، بەڵام لەدوای ئەم وەڵامەی گوتی: ئەمریکیەکانیش بە کاك مسعود بارزانی -یان گوتووە، تۆ سەردانی هەموو پایتەختەکانی جیهان دەکەیت بۆ سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق ناکەیت کە لەهەمووان بۆ تۆ گرنگترە، دیارە ئەم قسانەشی جۆرێك سەرلێشێواوی پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا ئەگەر بە سەرۆك بارزانی گوتبێ گرنگە چۆن سەردانی پایتەختەکانی دیکەی جیهان دەکەیت، ئەوا سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق بکەیت، ئەمە مانای ئەوەیە ئەمریکا وەك سەرۆکی دەوڵەت، نەك سەرۆك حزب ئەو پێشنیارەی داوەتە سەرۆك بارزانی، لەبەر ئەوەی بارزانی سەردانی هەر پایتەختێکی کردبێت، وەك سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لێکراوە، نەك وەك سەرۆکی هەرمێکی فیدراڵی، ئێ باشە ئەمەش جێگەی شانازییە بۆ کوردستان کە سەرۆکەکەی وەك سەرۆکی دەوڵەت سەردانی بەغدای پایتەختی عێراق بکات. بەهەرحاڵ پێدەچێ ئەمیری کۆمەڵ و میدیای کۆمەڵی ئیسلامی زوو هەستیان بەوە کردبێت کە نەبوون بەیاوەری شاندی بارزانی دواکەوتنە لەکاروانی سیاسی لە کوردستاندا، بەڵام ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕی و پێکەنینە، ئیفلاسی سیاسی بزووتنەوە مۆدێرنەکەی گۆڕانە، کە هیچی بەدەستەوە نەمابوو، پەرلەمانتارەکانیان کاوێژی قسەکانی مالیکی و هەوادارنی مالیکی-یان دەکردەووە، یان تەلەفزیۆنەکەیان KNN زۆر بێباك و بێشەرمانە ئەو تویت و پۆستانەی بڵاودەکردەوە کە ئەندامانی دەعوای مالیکی لە فەیسبووك و تویتەر بڵاویان دەکردەوە، لەمەش زیاتر پەرلەمانتارێکی گۆڕان کە جار جارە خۆی بە موفەکیری بزووتنەوەی گۆڕان لەقەڵەم دەدات و بەحیساب شرۆڤەی سیاسی دەکرد، بەعەقڵی کۆن باسی لامەرکەزیەتی پارێزگانی دەکردو هەوڵیدەدا زمانە تاکتیکییەکەی عەبادی کە باسی پێدانی لامەرکەزیەتی زیاتر بە پارێزگاکان و پشتگیری سەقامگیری هەرێمی کوردستانی دەکرد، بەئەنقەست تێکەڵ بکات و بۆ شاردنەوەی ئەو شکستە سیاسییە گەورەیەی بەسەر خۆی و بزووتنەوەکەی هاتووە، بڵاویکردبووەوە، «لەم سەردانەدا ئاستی هەرێم هاتەوە ریزی پارێزگاکانی عێراق.»

بە هەرحاڵ ئەوەی لەم شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوت، ئەوەیە کە لای سەرۆك بارزانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان پێوەندی بە هەموو لایەنەکانی کوردستانەوە هەیەو کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان لەوە بچووکترن کە لە پرسێکی ئاوا گەورەدا هیچ لایەنێك فەرامۆش بکرێت، هەر ئەمەش سیماو رەنگدانەوەی سەردانە سەرکەوتووەکەی شاندی کوردستان بوو، بەڵام ئەو دوولایەنەی کە نەیانتوانی بەسەر باری دەروونی خۆیاندا زاڵ ببن و کۆتایی بە رق و کینە بێنن، پێش هەموو شت لەوە خافڵگیر بوون، مانا و مەبەستی ئەم سەردانە چییە، دەیانویست تەنیا بۆ دژایەتی دەوڵەتی کوردستان گرەو لەسەر هەموو ئەسپێکی دۆڕاو بکەن، بەڵام ئێستا کە دەبینین ئەم سەردانە سەرەتای شێوازێکی نوێی پێوەندییە لەگەڵ بەغداو هەنگاوی جددییە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەموو لایەکیش لەم پرۆسەیەدا سەرکەوتوون، ئەوا یان دەبێت بە خۆدا بچنەوە، یان دەبێت وەك گۆڕان لەسەر عینادی خۆیان بەردەوام بن تا بەتەواوی دەکەونە پەراوێزی سیاسەت و پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا.

**گالبرێس لەم کتێبەدا ئاماژەی بە کوشتنی خاتوو ئەتوار بەهجەتی کەناڵی ئەلعەرەبیە کردووە کە باوکی سوننەیە و دایکی شیعەیە و لەلایەن کۆمەڵێک چەکدارەوە رفێندراوە و پاش ئەوەی هەتکیان کردووە، ئەوجا کوشتوویانە، ئەم نموونەیەی گالبرێس بۆ کۆتاییهاتنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٦ ئاماژەی پێکردووە، مانای ئەوەیە هەتا ئەگەر پەروەردگار عەرەبی شیعە و سوننە لەناو یەک مرۆڤیشدا تێکەڵاو بکات، ئەوا شیعەو سوننەی عێراق دژی ئیرادەی پەروەردگاریش رادەوەستنەوەو ئەم تیکەڵاوییە قبووڵ ناکەن وتەنیا رێگە ئەوەیە کە هەموو لایەک دان بە کۆتایهاتنی عێراقدا بنێن**

**هەر لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەسەردەمی ئیدارەی ئۆباما لە عێراق، نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی عێراق لەبری ئەوەی هێزەکانی سەحوە لەچوارچێوەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی عێراق رێکبخات، کەچی هێزەکانی سەحوەی هەڵوەشاندەوەو زیاد لەمەش لەچوارچێوەی سیاسەتێکی مەزهەبگەرایی شیعەی دیکتاتۆری هەوڵیدا تۆڵەی رقی ١٤٠٠ ساڵی نێوان شیعە و سوننە، لەعەرەبی سوننەی عێراق بکاتەوە**

# ئیسلامییەکان چییان لە حکومەت دەوێت

# چۆن دەیانەوێت ئۆپۆزیسیۆن بن؟



سۆران سێوکانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لەوانەیە ئەم نەخۆشییەی ئەمڕۆ هەردوو حزبی ئیسلامی (کۆمەڵ و یەکگرتوو) گرتوویانە، لە دنیای سیاسەتدا وێنەی دەگمەن بێت! ئەوان لەسەرێکەوە دەیانەوێت لە حکومەتدا بن و لەسەرێکیترەوە وەك ئۆپۆزیسیۆن کاردەکەن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو سەرۆکی هەرێم و تەنانەت حکومەتەکەشی بە ناشەرعی و شکستخواردوو لەقەڵەم دەدەن!! ئەوەی لێرەدا دەبنیرێت، وەزیرەکان بێدەنگ کاری خۆیان بەڕێوە دەبەن، ئەمەش واتەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوان حکومەت بەشەرعی وسەرکەوتوو دەزانن، پێدەچێت فاکتەرە لۆژیکییەکانی قەیرانی حکومەتیشیان لەبەر چاو بێت، لەکاتێکدا دەبینین زۆربەی پەرلەمانتار وبنکە جەماوەرییەکەیان بەجۆرێکیتر فووتێدەکەن زۆر جیاواز لەو ڕەوتەی کە لەلایەنی وەزیرو ئەوانەی لە حکومەتدا کاردەکەن. هۆکاری ئەم دووفاقییە چییە؟ من لێرەدا هەردوو حزب بەجیا دەخوێنمەوە:

## ● ١- کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

لەراستیدا کۆمەڵی ئیسلامی جێگەی سەرسوڕمانی هەرچاودێرێکی سیاسییە لەو هەڵویستانەدا کە لەئێستادا دەیانگرێت. وەك ئەو ڕەوتە توندەی گرتوویەتیەبەر دژ بەحکومەتی هەرێم و مەسەلەی سەرۆکایەتی و قەیرانی دارایی و شتەکانیتریش. ئایا کۆمەڵ وەك گوتاری سەر مینبەری مزگەوتەکان و هەندێك لە پەرلەمانتارەکان و راگەیاندنیان بۆ وا توندن؟ وەك دەردەکەوێت، کۆمەڵی ئیسلامی لەم ماوەیەی دواییدا هەموو هەڵویستەکانی تەواو یەکانگیرە لەگەڵ هەڵویستەکانی گۆڕاندا، تا ئاستێك دەتوانین بڵێین یەکێکیان زیادن لە مەیدانەکەدا! ئایا ئەمە هۆی چییە؟ ئایا ئاراستەکردنێکی دەرەکی هەیە کە هەردوو لا بەیەك ئەجیندا بجووڵێنێت؟ ئەم رایە ڕێی تێدەچێت، بەڵام ئەمە لای ئێمە وەك زانیاری و داتا و بەڵگە لەبەر دەستدا نییە، بەڵکو تەنیا خوێندنەوەو شیکاریی هەڵویستەکانە. من پێموایە هۆکارێکی تری توندیی کۆمەڵ بەرامبەر حکومەت شتێکی ئایدیۆلۆژی بێت، بەو مانایەی کۆمەڵ بنیادنراوە لەسەر ئایدیۆلۆژیایەکی توندی

جیهادی سەلەفی، سروشتی ئەو هێزانەش ئەوەیە کە هەموو حکومەتەکان بە کافر، یان بێباوەڕ دەزانن، چونکە حوکم بەو شەریعەتە ناکەن کە ئەوان دەیانەوێت، بەو خوێندنەوەیە بۆ ئیسلام کە ئەوان دەیانەوێت بیسەپێنن بەسەر خەڵکدا. ئەم جۆرە لە ڕەوتی ئیسلامیی بەردەوامدان. لەئێستادا کە کۆمەڵ ناتوانێت لەڕێگەی چەکدارییەوە بەو ئامانجەی خۆی بگات، بەڵام ئەم میکانیزمی توندڕەوییە هەندێك لەو ئامانجەی دەپێکێت و لانیکەم هەوادارانی گەرم دەکاتەوە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە زۆرینەی خەتیب و بانگخوازە توندڕەو و تەکفیرییەکانی هەرێمیش، یان سەر بە کۆمەڵن، یان لەوانەوە نزیکن، دوو هەڵویستی تەکفیریشیان ئەو خوتبە بەناوبانگەی مەلانادری کانی کوردەیی بوو کە کەسایەتییەکیتری ئیسلامی تەکفیر کرد، لەسەر ئەوەی خاوەنی لێکدانەوەی جیاوازە بۆ دەقەکان. کەواتە کۆمەڵ لێرەدا شتێکی نامۆی نەکردووە، بەڵکو چۆتەوە سەر ریشە فیکرییەکانی خۆی.

کۆمەڵ بەم شێوەیە دوو ئامانج دەپێکێت بە حیسابی خۆی، لەلایەکەوە چەورییەکانی حکومەتی هەر بۆ دەمێنێتەوە، لەلایەکیتریشەوە دڵی جەماوەری هەڵچوو بەلای خۆیدا رادەکێشێت، بەڵام لەمەودای دووردا خەسارەتێکی ستراتیژی بەردەکەوێت، چونکە هەموو هەوڵەکانی تەنیا دەیکاتە پاشکۆیەکی بچووکی گۆڕان، لەبەر ئەوەی لەئێستادا ئەوە گۆڕانە هەڵگری ئاڵای نارەزایەتییە، نەك هیچ کەسێکی تر.

## ● ٢- یەکگرتوو:

لەوانەیە هیچ حزبێك وەك یەکگرتوو هەڵوێستی نارۆشن نەبێت. هەر وەك پرەنسیپ یەکگرتوو دەبێت حزبێکی میانڕەو بێت لەهەموو شتێکدا، لەڕاستیدا هەوڵیشیداوە هەروابێت، بەڵام ئەویش لەترسی ئەو ڕەوتە گشتییەی کە لە سلێمانی و دەوروبەری دەگوزەرێت، زۆر چۆتە ژێر باری ئەو هەوایەوە، بۆیە تا ئێستا ناتوانێت لەهیچ هەڵوێستێکدا خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت، بەڵکو هەمیشە شوێنکەوتەی شەقامی سیاسییە و ناتوانێت قەناعەت بە ئەندامەکانی بێنێت، بەڵکوو شوێنکەوتەی قەناعەتی ئەوانە، بەمەش یەکگرتوو زەبری کوشندەی بەردەکەوێت و ئیرادەی سیاسی خۆی لەدەستدەدات

لەڕاستیدا یەکگرتوو هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا لە دووفاقیەتدا ژیاوە و دەیەوێت لەهەموو لایەنێکەوە ڕەزامەندی وەربگرێت، هەر ئەمەش وایکردووە ببێتە جێگەی ڕەخنەی هاووڵاتی. ئەو لەسەرێکەوە پایەیەکی لە حکومەتدایە، لەسەرێکی تریشەوە هەندێك پەرلەمانتاری لە ئۆپۆزیسیۆنێکی توندڕەو زیاتر توندڕەوترن، کەچی لەسەرێکیترەوە هەندێك پەرلەمانتاری تریان تەواو بێدەنگە، یان پشتگیری حکومەت دەکات. لەکاتێکدا یەکگرتوو خۆی حزبێکی دیسۆلینکار و سەنتراڵیستە و دەبێت هەموو بڕیارەکانی مەرکەزی بن.

لەهەندێك سەرچاوەی دیکەوە ئەوەم پێگەیشتووە کە یەکگرتوو دەیانەوێت لەگەڵ پارتیدا هاوکاری بکەن بۆ چاکسازی، بەڵام ترسیان لەوە هەیە کە حزبەکانی دیکە لەدەڤەری سلێمانی ئەو هەلە بۆ لێدانی یەکگرتوو بقۆزنەوەو وهەوڵی داماڵینی جەماوەرەکەی بدەن، بەتایبەت کۆمەڵی ئیسلامی کە وەك حزبێکی ڕکابەری ئیسلامی بەتەواوەتی خۆی یەکلایی کردۆتەوە. ئەوەی سەیرە، ئەوەیە کە یەکگرتوو لەسەرێکەوە هەواداری ئەکەپە و ئەزموونی تورکیایە، دەتوانین بڵێین کەوتۆتە ناو بازنە دنیای سوننەوە، بەپێچەوانەی کۆمەڵەوە کە تەواو کەوتۆتە ناو بازنەی ئێرانەوە. ئەوەش یەکێك لە پارادۆکسەکانی کۆمەڵ دەردەخات لێرەدا، ئەو کە حزبێکی سەلەفی جیهادییە، سەلەفیەتیش بەهەموو باڵەکانیانەوە شیعە بە مورتەد و بیدعەکار ولە دین دەرچوو دەزانن، کەچی هەموو تاکتیك و ستراتیژەکانی کۆمەڵ بە ئاشکرا دیارە کە دەڕژێتە نێو ستراتیژی بەرەی شیعەگەراییەوە. کۆمەڵ لە سەرێکەوە دژایەتی گەندەڵی دەکات، وەك سۆران عومەر دەیوت با ئەم حکومەتە ڕیسواتر بکەین، کەچی لە سەرێکیترەوە خۆی خاوەنی سەدان مووچەخۆری بندیوارە بە ناوی خانەنشینییەوە، ئەوەش بەئاشکرا لە ددانپێدانانی وەزیری کشتوکاڵ و ئەو لیستەدا دەرکەوت کە ١١٢ کەسی کۆمەڵی تێدا بوو، کە بە پلەی جیاجیا خانەنشین کرابوون. ئەم پارادۆکسانەی ئێمە لەهەردوو حزبی ئیسلامی دەیبینین لە راستیدا وامان لێدەکات هەموو بنەما فیکری و ئایینییەکانیان بخەینە ژێر پرسیاری گەورەوە.

کۆمەڵی ئیسلامی بۆ پرسی بەدەوڵەتبوون

**یەکگرتوو ناتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە، تائێستاش نەیتوانیوە وەک هەموو هەڵویستەکانی پێشووی هەڵوێستێکی روون وەربگرێت. واتە چاوەڕێی زەمەن دەکات، بزانێت چ ستراتیژێک سەردەگرێت، تا بچێتە پاڵ ئەو ستراتیژەوە**

**یەکگرتوو دەیانەوێت لەگەڵ پارتیدا هاوکاری بکەن بۆ چاکسازی، بەڵام ترسیان لەوە هەیە کە حزبەکانی دیکە لەدەڤەری سلێمانی ئەو هەلە بۆ لێدانی یەکگرتوو بقۆزنەوەو وهەوڵی داماڵینی جەماوەرەکەی بدەن**

لەبەرایی هەڵبژاردنەکاندا، بە حیساب نەخشەڕێگەیەکی داڕشتبوو بۆ بەخاوەن دەوڵەتکردنی کوردو سەربەخۆیی کوردستان. کەچی دەبینین پاش هەڵبژاردنەکان هەواڵی دەوڵەتی کوردستان لەلای کۆمەڵ دەپووکێتەوەو پاشان بە هێواشی دەگۆڕێت بۆ دژایەتیکردنی بیرۆکەی سەربەخۆیی. ئێمە لێرەدا چۆن ئەم هەڵوێستە بخوێنینەوە؟ ئایا کۆمەڵ حزبێکە گەمە دەکات، هەروەك حزبێکیتری سیاسی، یان پرەنسیپەکانی کۆمەڵی ئیسلامی تەنیا لەسەر ئاستی تاك كار دەكات، نەك سیاسەت؟ من لەو سەردەمەشدا بە جۆرێك لە گاڵتەجاڕی دەمڕوانییە ئەو نەخشەڕێگەیەی کۆمەڵ باسیدەکرد کە گوایە بۆ سەربەخۆیی هەرێم داڕشتووە. لەبەر ئەوەی وەك بینیمان هەر دوای هەڵبژاردنەکان شتێك نەما بەناوی سەربەخۆییەوە! ئاخر بنەمای هەر ستراتیژییەکی حزبی دەبێت لە بنکەی جەماوەرییەوە دەربچێت. لەکاتێکدا بنکەی جەماوەریی کۆمەڵ کەسانی سەلەفی مەشرەب و ئیسلامی سەلەفی و سیاسین، ئەوانەش ئەسڵەن شتێك بەناوی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بە کوفر و بیدعە دەزانن، ئیتر چۆن کۆمەڵێکی وا دەتوانێت بەردەوام بێت لەسەر شتێك کە یەك تاکی خۆیان باوەڕی پێی نییە؟ لەلایەکیترەوە وەك لەپێشدا باسم کرد، کۆمەڵی ئیسلامی بە تەواوەتی یەکلا بۆتەوە بۆ بەرەی گۆڕان، ئەو بەرەیەش بەزەقی دژایەتی هەر هەوڵێك دەكات بۆ جیابوونەوە لە عێراق وسەربەخۆیی، بەتایبەتی ئەگەر ئەو سەربەخۆییە لەبەرژەوەندی حزبیی خۆیاندا نەبێت، کۆمەڵیش لەسەر هەمان ریتمی گۆڕان و بەرەی شیعەگەرایی ناچارە لەسەر هەمان ستراتیژ درێژە بەکارەکانی بدات، ئەمەش بێگومان قەیرانێکی قورس لەناو ریزەکانی ئەو حزبەدا دروستدەکات. لەهەمان کاتدا یەکگرتوو ناتوانێت خۆی یەکلایی بکاتەوە لەو بارەوە، ئەویش تائێستا نەیتوانیوە وەك هەموو هەڵوێستەکانی تری، لێرەشدا هەڵوێستێکی روون وەربگرێت. یەکگرتوو چاوەڕێی زەمەن دەکات، بزانێت چ ستراتیژێك سەردەگرێت، تا بچێتە پاڵ ئەو ستراتیژەوە..

**کۆمەڵ حزبێکی سەلەفی جیهادییە، سەلەفیەتیش بەهەموو باڵەکانیانەوە شیعە بە مورتەد و بیدعەکار و لە دین دەرچوو دەزانن، کەچی هەموو تاکتیک و ستراتیژەکانی کۆمەڵ بە ئاشکرا دیارە کە دەرژێتە نێو ستراتیژی بەرەی شیعەگەراییەوە**

**کۆمەڵی ئیسلامی لەم ماوەیەی دواییدا هەموو هەڵویستەکانی تەواو یەکانگیرە لەگەڵ هەڵویستەکانی گۆڕاندا، تا ئاستێک دەتوانین بڵێین یەکێکیان زیادن لە مەیدانەکەدا**

**کۆمەڵ خاوەنی سەدان مووچەخۆری بندیوارە بە ناوی خانەنشینییەوە، ئەوەش بەئاشکرا لە ددانپێدانانی وەزیری کشتوکاڵ و ئەو لیستەدا دەرکەوت کە ١١٢ کەسی کۆمەڵی تێدا بوو**

# پێش ٨٧ ساڵ، پێگەی کشتوکاڵ لەڕۆژنامەی ژیان

کورد لەدێرزەمانەوە بایەخی کشتوکاڵیی زانیوەو، گوندی چەرمووی کوردستانیش وەك یەکەمین شوێنە کشتوکاڵییەکانی جیهان باشترین شایەدە بۆ پێکەوەگرێدانی دووانەی کوردستان و کشتوکاڵ.

بۆیە پێشینانمان پێش دەیان ساڵ لەمەوبەر هەر هەمان ئەم ڕاستییەیان خستۆتەڕوو، بەڵام بەداخەوە نەخراوەتە بواری کردارییەوە. لە ژمارەی ١٧٤ی بەرواری ١٩٢٩/٥/١٣ی رۆژنامەی (ژیان)دا بابەتێك بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی: (ئەمڕۆ هەر زراعەت ئێمە دەوڵەمەند دەکات)، کە تیایدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات بەرهەمە کشتوکاڵییەکانمان لەبەر نەبوونی کارگەی پێشکەوتووی قوتووبەند، یان دەنێردرێتە دەرەوە، یان بەنرخێکی زۆر هەرزان دەفرۆشرێت، بۆیە دەڵێت: «ئەو موادە ئیببتدائییەش کە هەیەتی، چونکە فابریقەو دەزگایەکی صناعی نییە، ناتوانێ بە صورەتێکی فەننی بەعەمەلی بێنێ .. نەتیجە بەپارەیەکی کەم کە دەیەکی مەصاریفاتەکە ئەگرێتەوە، ئەیفرۆشێ و ئەینێرێتە دەرەوە.»
پاشان ئاماژە بە پیت و بەرەکەتی دەشتەکانی کوردستان دەکات و دەڵێت:

«دەشتی شارەزوور و بیتوێن ئەم هەموو باغ و باخچە و دارستانەی کە لەکوردستاندا هەیە، ئەگەر لەحکومەتێکی کەدا هەبوایە، وە یا هی میللەتێکی کە بوایە، بە صورەتێکی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

فەننی بەکار ئەهێنراو بەقەدەر بستێك خاك، مشتێك ئاڵتوونی لێ پەیدا دەکرا.»

دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کشتوکاڵ ڕێگەی دەوڵەمەندبوون و پێشکەوتنە، بۆیە دەڵێت:

«لازمە ئێمەش بۆ ئەوەی بژین و دەوڵەمەند بین و پێشکەوین، ئەبێ هەموو هەوڵ و تەقەللایەکمان حەصر بکەینە سەر زراعەت و ئەرازییەکانمان بە بۆشی نەهێڵینەوەو بەصورەتێکی فەننی زەرعی بکەین .. بەڵام بە نەوعێك چۆن وەکو وتمان ئوصولە، هەروا ئێمەش بۆ چەند نەوع زراعەتێك چەند شەریکەتێك تەئمین بکەین و مەلاك و صاحیب پارەکانمان سەروەتەکەیان یەك بخەن و، موحەققەق و بە قەتعی وەکو سەروەتێکی زۆر ئەرژێتە وڵاتەکەمانەوە، هەموو تەبەقەیەکی ئەهالیش بێ ئیش نامێنێتەوەو هەموویان بەخۆشیی ئەژین .... بەم سەبەبەوە بە موددەتێکی کەم وەتەن و میللەتەکەشمان بەرزو بڵند ئەبێتەوەو بەرەو پێش دەڕوا.»

لێرەدا قسەکانی پێش ٨٧ ساڵی نووسەر لەڕۆژنامەی ژیان تەواو بوو .

بۆیە بۆ ئەمڕۆی خۆمان زۆر گرنگە سوود لەو پێشنیازو بیرۆکە جوانەی ڕابردوو وەربگرین، درك بەو ڕاستییەش بکەین کە بەردەوامبوونی دیاردەی ڕوو لەشار کردن لەئەمڕۆدا زۆر گرفتی ژینگەیی لەلادێکاندا دروست دەکات، وەك:

١- پشتگوێخستنی خاك و سەرچاوەکانی ئاو لەگوندەکاندا.

٢- کەمبوونەوەی بەروبوومی کشتوکاڵ.

٣- زیانێکی زۆر بەر جووتیارو کشتیاران دەکەوێت.

شارەکانیش بەو ڕووبەرە دیارو ژمارە زۆرەی دانیشتووانەوە تووشی زۆر گرفتی ژینگەیی دەبن لەجۆری:

١- گرفتی نیشتەجێبوون .

٢- گرفتی هاتوچۆو قەرەباڵغی لەبازاڕو شوێنە گشتییەکان.

٣- گرفتی کەم ئاویی و کێشەی زێراب و ئاوەڕۆ.

٤- ڕازیبوون بەپیشەی کەم قازانج و زیان زۆر بۆ ژینگە.

٥- هەڵسوکەوتی دوور لەهەستکردن بەگیانی شارستانیەت و ڕەوشتی ژینگەیی.

دیارە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە گەورەیە پلان و هەنگاوی کردەیی پێویستە لە چەشنی:

١- پشتگیریکردنی دارایی بۆ گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ گوندەکان.

٢- زیندووکردنەوەی ئابووری کشتوکاڵیی.

٣- خودبژێوی ژیانی لادێ.

٤- بەزانستی کردنی کەرتی کشتوکاڵ.

٥- هێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ زیادکردن و چاکترکردنی بەرهەم.

٦- دامەزراندنی پیشەسازیی خۆراك.

٧- دابینکردنی دەرفەتی کار لەلادێ بۆ ئافرەت و پیاو بەمەبەستی بەهێزکردنی ئابووریی لادێ و زیادکردنی داهات .



**ستیفن زونێس، پرۆفیسۆره لە بەشی سیاسەت لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ و سەرۆکی پرۆگرامی دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە هەمان زانکۆ و پێشتریش بەرپرسی پرۆگرامی دیراساتی ئاشتی و دادپەروەری بووەو مامۆستا بووە لە چەند زانکۆیەکی گرنگی وەك كۆرنێڵ و تێمپڵ و سۆنۆما ستەیت، هەروەها وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی ئاشتی و ناکۆکی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا، بنەمای ناتوندوتیژی لە رووی تیۆر و پراکتیکەوە، سیاسەت و حکومەت و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە پشێوی و نادڵنیایی باڵی بەسەردا کێشاوە، هەروەها بۆ قسەوباسکردن لەبارەی ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی رزگاکردنەوەی موسڵ و عێراقی دوای داعش و هەنگاوهەڵگرتنی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن، بەتایبەتی کە دەبینین دامەزراوەکانی دەوڵەت دادەڕووخێن و سنوورەکانی دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە بەرەو کاڵبوونەوە دەچن و لەبەریەك هەڵدەوشێنەوە، واتە چۆن ئەم گۆڕانکارییە گەورە و مێژووییانە لێکدەدەنەوە؟**

- لەڕاستیدا ئەمە لە چەندین رەهەندەوە بە دۆخێکی تراژیدی وەسف دەکرێت، لە نێویاندا ئەو ئێش و ئازارە مرۆییانەی بەدی دەکەین، لە هەمان کاتدا ئەمە دەرفەتێك دروست دەکات بۆ هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی کە پێویست بوو زۆر زووتر ئەنجام بدرایە. لەلایەکی دیکەوە ئەمە میراتی سەردەمی کۆلۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزم و دەستێوەردانی رۆژئاوایە، لە هەمان کاتدا ئەمە بەرئەنجامی خواستی رەوای زۆرێك لە گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆ هێنانەدی سیستمێکی حوکمڕانی دیموکراتیتر و بەرپرسیارتر و بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی. بەداخەوە گروپگەلێکی مەترسیدار و دواکەوتووخواز هەن کە کەڵکی خراپیان لە بارودۆخەکە

ستیفن زونیس

پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# کوردستان شایستەی ئەوەیە مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بکات

وەرگرتووە، ئەمەش بۆتە پاساوی دەستێوەردانی زیاتری ڕۆژئاوا. کەواتە ئیسلامییەکان و خواستە ئیمپریالییەکانی ڕۆژئاوا بەریەك کەوتوون، بەڵام ئەوە هاووڵاتییە ئاساییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لەو نێوەندەدا گرفتاربوون و گیریان خواردووە. لە ڕاستیدا ئەوەی پێویستە دروستبوون و ڕێکخستنی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە هەڵبسێت بە بەرەنگاربونەوەی هەردوو ئەو دوو ئاڕاستەیە، ئەویش بە بنیادنانی ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی کە ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی خەڵك بن و ڕەگ و ریشەیان لە نێو خەڵکدا بێت.

*** ئایا پێتانوایە ئەو سنوورە دەستکردانەی بەهۆی ڕێککەوتنی سایکس پیکۆ-وە دروستکران، بەرپرسن لە دروستبوونی دەوڵەتە لەرزۆك و شکستخواردووەکان و ئۆباڵی هاتنەئارای دۆخێکی ناسەقامگیر و نائارام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان دەکەوێتە ئەستۆ؟**

- بە دڵنیاییەوە تاکتیکی -پەرتکە و زاڵبە —کە لەلایەن هێزە کۆلۆنیالیەکانەوە پیادەکرا، بووە هۆی دروستبوونی ئەو سنوورە دەستکردانە و ئەو سنوورانەش فاکتەرێکی سەرەکی بوون لە هێنانەئارای ئەو دۆخە پڕ لە پشێوییەی کە ئێستادا لە ئارادایە. هەروەها ئەو ڕاستییەی کە لە ئێستادا سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی گرنگییەکی کەمتری هەیە بە بەراورد بە چەند دەیەیەك پێش ئێستا ئەویش بەهۆی بە جیهانگەرایی و دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی نێودەوڵەتی کە هەلومەرجێکی دروست کردووە چیتر پێویست ناکات سنوورە دەستکردەکان ببنە بەربەست لەبەردەم یەکگرتووییەکی زیاتر لەنێو گەلاندا. ئەگەر ئێمە لە یەکێتی ئەورووپا بڕوانین، ئەوا سەرەڕای کێشەکانی ئەم یەکێتییە، ئەوا دۆخێکی دروستکردووە کە سنوورە نەتەوەییەکان نەبوونەتە کۆسپ و لەمپەڕ لەبەردەم جووڵەی ئازادی خەڵك و خزمەتگوزارییەکاندا. کەواتە ئەوەی پێویستە ئەنجام بدرێت، ئەوەیە کە تەحەددی حکومەتە نیشتمانییەکانی ناوچەکە بکرێت، لەگەڵ ئەو هێزە دەرەکییانەی دەیانەوێت کەڵکی خراپ لە سنوورە نیشتمانییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرن بۆ پیادەکردنی تاکتیکی پەرتکە و زاڵبە لە دژی گەلانی ناوچەکە.

*** وینستۆن چێرچل وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: دەرفەتەکان لە سەروەختی قەیرانەکاندا دروست دەبن، لەم ڕوانگەیەوە ئایا پێتانوایە کە سەرەڕای ئەو دۆخە دژوار و پڕلە پشێوییەی لەئێستادا باڵی کێشاوە بەسەر**

**خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت شیعەکانیش نایانەوێت بکەونەژێر باڵادەستی ئێران، یان هەر هێزێکی دەرەکی دیکەوە، ڕەنگە هەندێ سەرکردە هەبن کە بیانەوێت هاوپەیمانی بکەن بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام هاووڵاتییە ئاساییەکان نایانەوێت نەتەوەکەیان بکەوێتەژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هێزە دەرەکییەکانەوە**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا زەمینە، یان دەرفەتی چارەسەرکردنی ئاشتییانە و بنەڕەتییانەی کێشەکانی ئەم ناوچە گرنگە هاتوونەتەئاراوە؟**

- لە ڕاستیدا پێدەچێت تا ئایندەیەکی نزیکیش بارودۆخەکە هەر بە دژواری بمێنێتەوە، هەروەها ئەوە ئاشکرایە کە نەوەی گەنجان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نارازین لە حوکمڕانە تەقلیدییەکانیان، هەروەها لە ئیسلامییە سەرسەختەکان و لە مەیلە ئیمپریالیستییەکان، کە لە ڕێگەی بەرگری و بەرنگاربوونەوەی ناتوندوتیژیشەوە گوزارشتیان لەم نارازیبوونەوەی خۆیان کردووە. بۆ نموونە، ئێمە هاووڵاتییە ئاساییەکانی یەمەن و تونس و میسرمان بینی، کە لە ڕێی یاخیبوونی مەدەنییەوە توانییان کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژێمە دیکتاتۆرییە درێژخایەنەکان بهێنن، بەڵام بەداخەوە تەنیا تونس توانی درێژە بە حوکمڕانییەتییەکی سەقامگیر بدات. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاپەڕینەکان — لە نێویاندا ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکانیش، وەك ئەوەی لە بەحرەین ڕوویدا، یان ڕاپەڕینە سەرنەکەوتووەکەیی سووریا کە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ناتوندوتیژ دەستی پێکرد - ئەوەیان خستەڕوو کە خەڵکی لە توانایدا هەیە جووڵە و بزاوتێکی بەرفراوان بکات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم بزاوتانە سەرکەوتوو بن، ئەوا پێویستە دەست بدەنە پرۆسەیەکی درێژخایەنی دروستکردنی ڕێکخراو و دامەزراوە جەماوەرییەکان، وەك یەکێتییەکانی کار، ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و قوتابیان و ڕێکخراوە هاوشێوەکانی دیکە، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی مەحەلی هەست بکەن دەتوانن کاریگەربن و ڕۆڵیان هەبێت و سەرەتا لەسەر ئاستێکی بەرتەسك سەرکەوتن بەدەست بهێنن و دواتر بتوانن هاوپەیمانێتییەکی بەرفراوان پێکبهێنن بۆ ئەوەی بتوانن گۆڕانکاری ڕاستەقینە لەسەر ئاستی مەحەلی و نیشتمانی دروست بکەن. گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی بوونی سەرکردەیەکی کاریزماتیکەوە بەدی نایەت، هەروەها لە ڕێگەی ڕاڤە و لێکدانەوەی سەرسەختانەی بیروباوەڕی ئایینی نایەتەئاراوە، بە هەمان شێوە لە ڕێی بەکارهێنانی هێزی زبریشەوە ڕوونادات، بەڵکو دەبێت لە ڕێی هێزی جەماوەرییەوە بێت کە لە پێناوی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیدا خۆیان ڕێکخستبێت.

**ئەگەر سوپای عێراق بتوانێت موسڵ بگرێتەوە، بەڵام میلیشیا شیعەکان دەست بدەنە کاری تۆڵەسەندنەوە، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی دانیشتووانی شارەکە و دۆخێک دەخوڵقێت کە جارێکی دیکە داعش، یان گرووپە توندڕەوەکانی دیکە دەستی بەسەردا بگرنەوە**

*** ئاشکرایە کە سەرەڕای کێشە و تەحەددییە قووڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم ناوچەیە گرفتاری کێشەیەکی سەخت و دژواری دیکەیە کە بریتییە لە ناکۆکی و جەمسەرگیری تایفەگەری، بەتایبەتی لە نێوان دوو هێزەی ئیقلیمی و دەسترۆیشتویی وەك سعودیە و ئێراندا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم ناکۆکییە تایفەگەرییە هێندەی دیکە دۆخی ناوچەکە ئاڵۆز دەکات و قەیرانەکانی قووڵتر کردۆتەوە؟**

- لە ڕاستیدا بۆ چەندین سەدە سوننە و شیعە و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە توانیویانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و شان بە شانی یەکتری لە کۆمەڵگە فرەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بژین، بەڵام ئەوە دەستێوەردانی هێزە ئیمپریالییەکان و بوونی چەند سەرکردەیەکی هەلپەرستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە بوونە هۆی دروستبوونی لێکترازانی و دابەشبوون لە نێو مەزهەبە جیاوازەکاندا، ئەویش لە ڕێی برەودان بە بیروباوەڕێکی هەڵە کە گوایە ئەم مەزهەبانە دوژمنی یەکترن، نەك هێزە ئیمپریالیستیەکان و دیکتاتۆرە مەحەلییەکان. ئەمە لە کاتێکدا خاڵی هاوبەشی زۆر هەیە لە نێوان سوننە و شیعە و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکەدا کە خۆیان لەخواست و ویستی بنیادنانی حوکمڕانییەکی دادپەروەرتردا بەرجەستە دەکەن.

**هێزی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکانی دیکە، سەلماندیان کە کاریگەرترین هێزی شەڕکەرن لە دژی داعش لە عێراق و سوریادا. لەلایەکی دیکەوە، ئەوە بەدی دەکەین کە گرووپە شیعە تایەفەگەرییەکان باڵادەستن بەسەر حکومەتی مەرکەزی عێراقدا کە میسداقیەتیەکی کەمیان هەیە لە ڕوانگەی زۆرینەی سوننەی موسڵەوە**

*** ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان توانیویەتی ببێتە هێزێکی کارا و کاریگەر لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستاندا، لە هەمان کاتدا خواست و ویستی خۆی نەشاردۆتەوە بۆ مومارەسەکردنی مافی بڕیاردان لەچارەنووسی خۆی و بەئاشکرا داوای ئەنجامدانی ڕاپرسی دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، چونکە پێیوایە ئەمە باشترین تەڵغانە بۆ پاراستنی هەرێمەکەی و بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باشتر، ڕاو بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە کورد شایستەی ئەوەیە هەڵبسێت بە مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی، هەرێمی کوردستانیش ئەوەی خستۆتەڕوو کە توانای خۆبەڕێوەبەری و خۆحوکمڕانیی هەیە. بەڵام ئەو پرسیارەی دەمێنێتەوە پەیوەستە بە سەربەخۆیی تەواوەوە، ئەوەیە ئایا باشترە کار لەسەر چەسپاندن و زیاتر پتەوترکردن و پەرەپێدانی ئەم خۆبەڕێوەبەریە کراوە بۆ ئەوەی ببێتە مۆدێلێك بۆ باقی ناوچەکە، یان ئەوەتا کارێك بکرێت کە کاردانەوە و پەرچەکرداری بەغدا، یان ئەنقەرە بە دوای خۆیدا بێنێت، کە خوێنرێژی و ناسەقامگیری

لێبکەوێتەوە؟ کەواتە دەبێت لەم دۆخە هەستیارانەدا هاوسەنگییەك بکرێت لە نێوان هەبوونی مافێك کە لە رووی ئەخلاقییەوە مافێکی رەوایە، لەبەرامبەر ئەو سنوورانەی کە هەرچەندە دەستکردن، بەڵام لە روانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە رەوایەتییان هەیە، ئەمەش دۆخێکی دژوارە.

*** ئاشکرایە کە حاڵی حازر هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش و سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە سەرقاڵی خۆئامادەکردنن بۆ ئۆپەراسیۆنی رزگارکردنەوەی موسڵ، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا عێراقی ئایندە چۆن دەبینن لە دوای تێکشکاندنی داعش و رزگارکردنەوەی شاری موسڵ و ئایا پێتوایە دەبێت شان بە شانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکە رێککەوتنی سیاسیش ئەنجام بدرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە دەبێت داعش تێکبشکێندرێت و شاری موسڵیان لە ژێر دەست دەربهێندرێت، ئەمە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی قورسە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەنجام بدرێت. دەبێت ئەوەش بوترێت کە هێزی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکانی دیکە، سەلماندیان کە کاریگەرترین هێزی شەڕکەرن لە دژی داعش لە عێراق و سوریادا. لەلایەکی دیکەوە، ئەوە بەدی دەکەین کە گروپە شیعە تایەفەگەرییەکان باڵادەستن بەسەر حکومەتی مەرکەزی عێراقدا کە میسداقیەتیەکی کەمیان هەیە لە روانگەی زۆرینەی سوننەی موسڵەوە. ئەوەی هێندەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی رزگارکردنەوەی موسڵ گرنگە، ئەوەیە کە دواتر چی روودەدات، چونکە ئەگەر خەڵکی موسڵ بگەنە رێککەوتنێك لەبارەی ئەوەی خۆیان حوکمڕانیی کاروبارەکانی خۆیان بکەن و باوەڕ بەوە بکەن کە حکومەتی مەرکەزی بایەخ بە بەرژەوەندییەکانیان دەدات و هەست بکەن ئاوێتەی پرۆسەکە کراون، ئەوا ئاسانە بۆیان کە داعش رەت بکەنەوە. چونکە داعش تەنیا لەبەر ئەوە توانیویەتی زاڵ بێت، چونکە حکومەتی مەرکەزی میسداقییەتی لە دەست دابوو لە نێو خەڵکدا، لەبەر ئەوەی جیاکاری دژی موسڵ و ناوچە سوننەکانی دیکە دەکرد و مامەڵەیەکی ناڕەوای لەگەڵ دەکردن. کەواتە ئەگەر سوپای عێراق بتوانێت موسڵ بگرێتەوە، بەڵام میلیشیا شیعەکان دەست بدەنە کاری تۆڵەسەندنەوە، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی دانیشتووانی شارەکە و دۆخێك دەخوڵقێت کە جارێکی دیکە داعش، یان گروپە توندڕەوەکانی دیکە دەستی بەسەردا بگرنەوە. کەواتە سەرەڕای گرنگیی ئامادەکردنی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی سەرکەوتوو، ئەوا گرنگە ئامادەکاری بکرێت بۆ بنیادنانی حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو لە دوای رزگارکردنەوەی موسڵەوە، کە دیموکراسی و سەقامگیری بۆ شارەکە و بۆ ناوچەکەش بە دوای خۆیدا بێنێت.

*** دوایین پرسیارمان لەبارەی ئێرانەوەیە، ئایا پێتانوایە ئێران توانیویەتی، یان سەرکەوتوو بووە لە برەودان بە دەستڕۆیشتویی و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە دەوڵەتە سەرەکییەکانی وەك عێراق و سووریادا، بە چەشنێك ئێران بۆتە هێزێك کە دەبێت حیسابی بۆ بکرێت لەهەر پرۆسەیەکی دووبارە داڕشتنەوەی ناوچەکەدا؟**

- ئێران هێزێکی ناوچەییە و بۆ چەندین سەدەشە ئێران هێزێکی لەم چەشنەیە و خواستی ئەوەی هەیە کە دەستڕۆیشتوویی خۆی درێژ بکاتەوە بۆ ناوچەکە لە رێی بزووتنەوە سیاسییە هاوپەیمانەکان و میلیشیا هاوپەیمانەکانیەوە. لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددامی حوسێنەوە لە عێراق کاریگەری و دەستڕۆیشتویی بەدەست هێنا لەم وڵاتەدا، هەروەها پشتیوانیکردنی لە رژێمی بەشار ئەسەد دوای ئەوەی وڵاتەکە دووچاری شەڕی ناوخۆیی بۆوە، بووەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویەکی زیاتر لە سووریادا بەدەست بهێنێت. بەڵام خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت شیعەکانیش نایانەوێت بکەونەژێر باڵادەستی ئێران، یان هەر هێزێکی دەرەکی دیکەوە، ئیدی ئەو هێزە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت، یاخود لە ئەوروپا، یان لە هەر ناوچەیەکی دیکەوە کە بیانەوێت دەستڕۆیشتوویی خۆیان بسەپێنن. رەنگە هەندێ سەرکردە هەبن کە بیانەوێت هاوپەیمانی بکەن بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام هاووڵاتییە ئاساییەکان نایانەوێت نەتەوەکەیان بکەوێتەژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هێزە دەرەکییەکانەوە. کەواتە ئەگەرچی لە چەند روویەکەوە و لەم ساڵانەی دواییدا دەستڕۆیشتویی ئێران هەڵکشاوە، بەڵام بە بۆچوونی من ناتوانێت لەوە بەهێزتربێت، لەبەر ئەوە خواستی خۆحوکمڕانی و ویستی بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتویی دەرەکی هێشتا لە نێو گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزە.

**گۆڕانکاری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگەی بوونی سەرکردەیەکی کاریزماتیکەوە بەدی نایەت، هەروەها لە رێگەی راڤە و لێکدانەوەی سەرسەختانەی بیروباوەڕی ئایینی نایەتەئاراوە، بە هەمان شێوە لە رێی بەکارهێنانی هێزی زبریشەوە روونادات، بەڵکو دەبێت لە رێی هێزی جەماوەرییەوە بێت کە لە پێناوی هێنانەدی بەرژەوەندی گشتیدا خۆیان رێکخستبێت**

**تاکتیکی -پەرتکە و زاڵبە —کە لەلایەن هێزە کۆلۆنیاڵیەکانەوە پیادەکرا، بووە هۆی دروستبوونی ئەو سنوورە دەستکردانە و ئەو سنوورانەش فاکتەرێکی سەرەکی بوون لە هێنانەئارای ئەو دۆخە پڕ لە پشێویەی کە ئێستادا لە ئارادایە**

**ئیسلامییەکان و خواستە ئیمپریالیییەکانی رۆژئاوا بەریەک کەوتوون، بەڵام ئەوە هاووڵاتییە ئاساییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لەو نێوەندەدا گرفتاربوون و گیریان خواردووە**

# پێشمەرگە، سیمبولی یەکڕیزی و فاکتەری سەرکەوتن



هەڵگورد حیکمەت*

بۆ گوڵانی نووسیوە

پێشمەرگە پێوەندییەکی رۆحی لەگەڵ میللەت و خاکی کوردستاندا هەیەو لە رووی مێژووییەوە بەشێکی زیندووی پڕمۆراڵی خەباتی نەتەوەکەمانە. ناوی پێشمەرگە لە هزری شاعیر، ئەدیب و نووسەرێکەوە بگرە تا هاووڵاتییەکی سادە و ساکار، ناوێکە بەهایەکی مەزنی هەیەو وەك شۆڕەسواری بەرگری و ئازادیخوازی و دواتریش بەدیهێنەر و پارێزەری تەواوی دەستکەوتەکانی میللەتەکەمان وێنا دەکرێ. پێشمەرگە بەو هەموو مێژووە پڕسەروەرییەوە لە شەڕی تیرۆرستانی داعشدا سەرەڕای کەمی و کۆنیی چەك و تەقەمەنی و نەبوونی مەشق و راهێنانی پێویست و بێبەشکردنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە بودجە و مووچە، بەڵام توانیویەتی لەبەر چاوی جیهان و نەوەی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان کەلتووری خۆڕاگری و نەبەزینی خۆی درێژە پێبداو بە هەمان گیانی رووبەڕووبوونەوەی رابردووی بەرانبەر دڕندەترین دوژمنی مرۆڤایەتی راوەستاو بەو ئازایەتییەی لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا نواندی، توانی پاڵپشتیی هەموو جیهان بەدەست بهێنێت و تەواوی دونیا بە متمانەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنەکانی بکەن و وەك سومبولی ئازایەتی ببێتە وێردی سەر زاری سەرکردە و سەرۆکی وڵاتان و لە میدیاکانی جیهاندا پێشبڕکێ لەسەر هەواڵ و پێشڕەوییەکانی پێشمەرگە بکرێت، ئەمەش بۆ سیاسەتی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی دەگەڕێتەوە. دیارە لەو پێگە نوێیە جیهانییەی پێشمەرگەی کوردستان هەیەتی، لە پێناویدا قوربانیەکی زۆر و خوێنی و فرمێسکێکی زۆری بۆ رژاوە، ئێستا شوناسی پێشمەرگە شوناسێکی دیموکراتخواز و مرۆڤدۆستە لە جیهانداو ئەو هێزەیە کە بەرگری لە ئاشتی و پێکەوەژیان و مافەکانی مرۆڤ و پێشکەوتنی رەوتی دیموکراسی لە ناوچەکەو لە جیهاندا دەکات، هێزێکە سەرەڕای بوونی قەیرانی سیاسی و دارایی بە هیچ شێوەیەك لایەنگیری بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی رانەگەیاندووە و بە بیرو گیانێکی نیشتمانییەوە لە رووی دوژمن و تیرۆریستاندا وەستاوەو ئەزموونی دوو ساڵی رابردوو بە کردەنی سەلماندنی پێشمەرگە زۆر نیشتمانپەروەرانە بیردەکەنەوە. ئەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی پێشمەرگە لە مێژوویداو لە ئێستایدا باشترین بەڵگەیە کە خاوەن ئامانج و پەیامێکە بۆ ئایندەی هەرێم و میللەتەکەی و پرسی سەربەخۆیی. ئەم هێزە لەم قۆناغەی ئەمڕۆماندا شەرەفێکی گەورەی تری بەرجەستە کرد، کاتێ دەبینین بەو یەك سەنگەرییەی نیشانیداوە زەمانەتی دووبارەنەبوونەوەی لێکترازنی ناوخۆییمانی زامن کردووە، کە ساڵانێکی زۆری دەویست دامەزراوە پێوەندیدارەکان بۆ چارەنووسی کوردستان ئەنجامی بدەن، بەڵام ئەوەتا پێشمەرگە بە خوێن و گیان بەخشین و هەڵوێستی مەردانەی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تۆماری کرد. لێرەدا پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو هەڵوێستە جوامێرانەی پێشمەرگەش بکەین کە لەم رۆژانەداو لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، ئامادەیە رێژەیەك لە مووچەی پلە باڵاکانی ببەخشێت بە مامۆستایانی کوردستان لە پێناو رانەوەستانی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەی منداڵانی کوردستاندا. بێگومان ئەمانەش کەسایەتی و خەسڵەتە بەرزەکانی پێشمەرگەی رۆشنتر کردووەو ناسنامەی ئەم هێزە نەبەزەی کردۆتە فاکتەرو هاندەرێکی گەشبینانەو ئومێدبەخش بۆ تەواوی نەتەوەکەمان.

جێگای وەبیرهێنانەوەیە تەواوی ئەو سەرکەوتنانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی ستراتیژێکی دیراسەتکراوی فەرماندەیی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پلانی سەرکردایەتی کردنی و ئاراستەکردنیدا بەدەست هاتون، نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت هیچ هێزێکی سیاسی و سەربازی بە بێ سەرکردایەتی کردن و

**پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە سەنگی سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە نەیارەکانی لە ناوچەکە و بەتایبەتی عێراقی پڕ لە کەلتووری تائیفی و مەزهەبی و پڕ لە کێشە راگرتووە**

فەرماندەیی کردن لە لایەن فەرماندەیەکی ژیرو ئەقڵمەندەوە سەرکەوتوو نابێت. بۆیە پشکی شێری تۆماری ئەم دەستکەوتانەی پێشمەرگە، وەبەر بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەوێت، لەبەر ئەوەی سەرباری سەرکردایەتی کردنی هێزی پێشمەرگە وەك فەرماندەیەکیش هەمیشە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و لەناو میحوەرەکانی بەرگری بوونی هەبووەو هەمیشە هۆکاری بەهێزی مۆراڵی پێشمەرگە بووە، زیاتر لەوانەش لەسەر ئاستێکی باڵای دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پشتگیرییەکی زۆر بۆ پێشمەرگەی کوردستان دروست بکات، بە شێوەیەك وەزیری بەرگریی زۆرینەی وڵاتانی دۆست و هاوپەیمان هاتوونەتە هەرێم و سەردانی وەزارەتی پێشمەرگەیان کردووەو پشتگیرییان بۆ پێشمەرگە راگەیاندووەو بە بەردەوامی پێشمەرگە و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکانی لە چوارچێوەی زۆری ئۆپەراسیۆندا پێکەوە هاوکارو هەماهەنگن و پێکەوە پلانی لەناوبردنی تیرۆریستان دادەڕێژن.

بەڕێز سەرۆکی هەرێم و فەرماندەی گشتیی پێشمەرگەی کوردستان رۆڵی سەرەکییان لە واژۆکردنی پڕۆتۆکۆڵی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکادا هەبوو، ئەو پڕۆتۆکۆڵەی لە مێژووی ئەمریکادا بۆ یەکەم جار لەگەڵ وەزارەت و هێزێکدا واژۆی دەکات کە دەوڵەت نییە. لە یادمان نەچێت هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە زۆریان بەخشیوە، تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئەو پێگەو متمانە بەرچاوە بۆ پێشمەرگە دروست ببێت. لە روانگەیەکی دیکەوە پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە سەنگی سیاسەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە نەیارەکانی لە ناوچەکە و بەتایبەتی عێراقی پڕ لە کەلتووری تائیفی و مەزهەبی و پڕ لە کێشە راگرتووە، بۆیە چۆن لە رابردوودا پێشمەرگە رەمزو سوارچاکی کاروانی شۆڕش و سەرکەوتنەکانی نەتەوەکەی بووە، لە ئێستای شەڕێکی فراوانی (١٥٠٠) کیلۆمەتری لەگەڵ تیرۆریستان و قۆناغی پاش ئازادکردنی نەینەواش-دا ئەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستانە لەژێر بڕیاری جەنابی سەرۆکی هەرێم پارێزەری دۆخەکەو راگری باڵانسی هێز دەبێت. بۆیە پێویستە راشکاوانە بڵێین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەو ناوچە پڕ کێشەیەدا و لە عێراقێکی بێ متمانەدا کە بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستانی بڕیوەو پێشمەرگەی لە هەموو مافێکی دەستووری و یاسایی بێبەش کردووە، لە هەرێمێکی پڕ هەڵاوسان و قەیرانی سیاسیدا پێشمەرگە هێزی راگری باڵانس و گەرەنتی ئێستا و ئایندەمانەو لەژێر فەرمانی فەرماندەو سەرکردەیەکی حەکیم و ئەقڵمەندا بووەتە سیمبولی یەکڕیزیی ناوخۆییمان و فاکتەری سەرکەوتنمان لە ئەمڕۆو ئایندەدا. هەموو ئەمانەش وزەو فاکتەری هێزە بۆ ستراتیژییەکی متمانەداری دۆزی کوردو پرسی چارەنووسی میللەتەکەمان لە ئەمڕۆو ئایندەدا.

*** بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و رۆشنبیری و هوشیاری نیشتمانی لە وەزارەتی پێشمەرگە**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستێکی باڵای دیپلۆماسی و نێودەوڵەتی توانیویەتی پشتگیرییەکی زۆر بۆ پێشمەرگەی کوردستان دروست بکات**





ڕێنهارد هێنیش سەرۆکی بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی سالزبێرگ و پێشتریش مامۆستای زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی پیتسبێرگ و ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بووە. لە ئێستادا وانەبێژی سیاسەتە بەراوردکارییەکانی بازاڕی کار و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و پۆپۆلیزمە. بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر هۆکارەکانی هەڵکشانی پۆپۆلیزم لە ڕۆژئاوا و کاریگەریی شەپۆلی کۆچبەران لەسەر سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەو کاریگەری دوولایەنەی پۆپۆلیزم و تیرۆریزم لەسەر یەکتری، گوڵان لە دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد و ئەویش بەم شێوەیە ڕاڤە و لێکدانەوەی خۆی بۆ بارودۆخەکە خستەڕوو.

ڕێنهارد هێنیش پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# بەشداریکردنی پۆپۆلیست لە حکومەتدا زیان بە پرۆسەی دیموکراتی دەگەیەنێت

*** ئایا هۆکارە سەرەکی و فاکتەرە بنەڕەتییەکانی دروستبوون و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە ڕۆژئاوادا بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- وەڵامە سادەکە بریتییە لە بوونی قەیرانی شەرعییەت کە دیموکراسی بە دەستییەوە دەناڵێنێت. هەروەها دەبێت ئێمە لەم رووەوە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەمەریکا و ئەوروپای رۆژهەڵات و ئەوروپای رۆژئاوادا، لە ئەوروپای رۆژئاوادا قەیرانی شەرعیەت لەئارادایە، لەبەر ئەوەی پارتە سیاسییە گەورەکان پێوەندییان بە دەنگدەری خۆیانەوە لە دەست داوە. بۆ نموونە، پارتە سەرەکییەکان لە ئەڵمانیا و نەمسا و فەڕەنسا پێشتر پشتیان بە کەسانی چالاکوان و دەنگدەرانی سەر بە خۆیان دەبەست، بەڵام لە ماوەی بیست ساڵی رابردوودا ئەم پارتانە پشت بە کۆنترۆڵکردنی دەوڵەت دەبەستن، واتە پێوەندی و رایەڵیان هەیە بە دەوڵەتەوە و پێگەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، هەروەها دارایی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانیش لە دەوڵەت وەردەگرن، نەك لە دەنگدەران. کەواتە پارتە سیاسییە سەرەکییەکان رایەڵێکی بەهێزیان هەیە بە کەسانی نێو دەسەڵات و بە دەوڵەت و بە دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە . ئەمەش دۆخێکی دروستکردووە کە هاووڵاتیان هەست بکەن رایەڵێکی پێوەندی گرێیان نادات بەو پارتانەوە و ئەو پارتانەش بایەخ بە دەنگدەران نادەن. لەم هەل و مەرجەدا کەسانی پۆپۆلیست سەرهەڵدەدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەلایەك نوخبەیەك هەیە و بەرژەوەندی خۆی هەیە و لەبەرامبەردا هاووڵاتییان هەن کە یەکڕەنگن و یەکگرتوون، دواتر پۆپۆلیستەکان دۆخەکە وا وەسف دەکەن کە پارتە تەقلیدییەکان بەشێکن لەو نوخبەیەی کە بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییە ئاساییەکان نادەن. لێرەدا ئەو پارتانەش دووچاری دژواری دەبنەوە لە روونکردنەوەی حاڵەتەکەو لە رەواندنەوەی ئەم بانگەشەیەدا، لەبەر ئەوەی یان ئەوەتا هیچ کارێك ناکەن، یاخود ئەدایان لە ئاستی پێویستدا نییە. بەڵام ئەم پارتە سیاسییانە رووەدەکەنە گروپگەلێکی بچووکی نێو کۆمەڵگە و بە پشتیوانی ئەوان هەڵبژاردنەکان دەبەنەوە، بۆ نموونە، لە نەمسا، پارتی سۆشیال دیموکرات، کە پارتێکی تەقلیدییە و پارتێکی پەیوەست بوو بە کرێکارانەوە، بەڵام لە ماوەی بیست بۆ سی ساڵی رابردوو گۆڕا بۆ پارتێکی پتر پەیوەست بە چینی ناوەڕاستەوە و لە ئێستاشدا ئەجێندایەکی روونی نییە و تەنیا لەگەڵ ئەوەدایە بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و پارێزگاری لێبکرێت، واتە روون نییە داکۆکی لە چ پرسێك دەکات و تەنیا کار لەسەر بەڕێوەبردنی کێشەکان دەکات و پەیامێکی جەوهەریی نییە، بەڵام رووەدەکاتە چەند چینێکی نێو کۆمەڵگە و پەیامەکەی ئاڕاستەی ئەوان دەکات، وەك خانەنشینان و بەهۆی ئەوانەوە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لە ئێستاشدا پارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسا نزیکەی لە سەدا ٢٦ی پەرلەمان پێکدەهێنێت، ئەمە لە کاتێکدا پێشتر ئەو رێژەیە لە سەدا ٣٥ بۆ ٤٠ بوو. کەواتە لە هەموو ئەو پارتانەی دیکە دەنگی کەمترە کە لە حکومەتدا، بەڵام ئەمە لە روانگەی دەنگدەرانەوە جێی رەزامەندی نییە. قەیرانی شەرعییەت ئەوەیە کە دەنگدەران هەست بکەن نوێنەرایەتی ناکرێن و دەنگیان لەبەرچاو ناگیرێت، پارتە سیاسییە تەقلیدیەکانیش دووچاری دژواری بوونەتەوە لەوەی قەناعەتێکی پێچەوانەیان لا دروست بکەن. ئەمەش حاڵەتەکەیە لە ئەوروپای رۆژئاوادا. لە ئەمەریکاش ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت، هەروەك لە کاندیدکردنی دۆناڵد ترەمپ بەدی دەکەین کە بۆتە پاڵێوراوی پارتی کۆمارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمەریکا. ئەگەر لە دۆخی ئەوروپای رۆژهەڵاتیش بڕوانین، ئەوا دەبینین کە پۆپۆلیستەکان لە دەسەڵاتدارن، بۆ نموونە لە پۆڵەندا و هەنگاریا، کە جۆرێك لە ئەجێندای پۆپۆلیستی پیادە دەکەن و لە ئێستادا لە حکومەتدان، ئەمە لە کاتێدا لە ئەوروپای رۆژئاوادا هێشتا لە بەرەی بەرهەڵستکاراندان.

*** کەواتە پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە سەرکردە و پارتە پۆپۆلیستیەکان کەڵك لە ناڕازیبوون و نائومێدبوونی خەڵکی وەردەگرن بۆ ئەوەی بیکەنە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی و شەرعییەتدان بە بانگەشەکانی خۆیان، ئایا ئەمە وەسفکردنێکی وردی دۆخەکەیە؟**

- بەڵێ دەقاودەق وایە، هەروەها من دەمەوێت ئەوەش زیادبکەم کە ئەمە سەروەختێکە کە پۆپۆلیستیەکان دەتوانن کەڵك لەو نائومێدیی و ناڕازیبوونە وەربگرن، چونکە ئێستا قەیرانی ئابووری دژوار لە ئارادایە و رێژەی بێکاری بەرزە و قەیرانی پەنابەرانیشی هاتۆتەسەر، کەواتە پارت و کەسایەتییە پۆپۆلیستیەکان بە ئاسانی دەتوانن ئەم کارە بکەن بە بەراورد بە ١٠ بۆ ١٥ ساڵ پێش ئێستا.

**کە هاووڵاتیان هەست بکەن رایەڵێکی پێوەندی گرێیان نادات بەو پارتانەوە و ئەو پارتانەش بایەخ بە دەنگدەران نادەن. لەم هەل و مەرجەدا کەسانی پۆپۆلیست سەرهەڵدەدەن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لەلایەک نوخبەیەک هەیە و بەرژەوەندی خۆی هەیە**

**قەیرانی شەرعییەت ئەوەیە کە دەنگدەران هەست بکەن نوێنەرایەتی ناکرێن و دەنگیان لەبەرچاو ناگیرێت، پارتە سیاسیە تەقلیدیەکانیش دووچاری دژواری بوونەتەوە لەوەی قەناعەتێکی پێچەوانەیان لا دروست بکەن**

**ئەمە سەروەختێکە کە پۆپۆلیستیەکان دەتوانن کەڵک لەو نائومێدیی و ناڕازیبوونە وەربگرن، چونکە ئێستا قەیرانی ئابووری دژوار لە ئارادایە و ڕێژەی بێکاری بەرزە و قەیرانی پەنابەرانیشی هاتۆتەسەر**

**پۆپۆلیزم هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسیەتی لیبراڵی، ئەو ڕێسایەی لە ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە هەڵێنجراوە، ئەوەیە کە بوونی بەرهەڵستکاری پۆپۆلیستی سوود بە دیموکراسی دەگەیەنێت، لە کاتێکدا بوونیان لە دەسەڵاتدا زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت**

*** ئێوە باسی مەترسیی پۆپۆلیست و سەرکردە پۆپۆلیستیەکانتان کرد، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پۆپۆلیزم چ هەڕەشە و مەترسییەکی لەسەر دیموکراسی دروست کردووە، بەتایبەتی کە پێشتر پارتە سیاسییەکان بناغە و بنچینەی دیموکراسیەتی لیبراڵی بوون، بەڵام ئێستا ئەوەتا دەبینین کە پارتە سیاسییەکانی نێو ڕۆژئاوا کەسانی پۆپۆلیست دەپاڵێون لە سەروەختی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- من دەمەوێت دوو شت بڵێم، یەکەمیان من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە سەرجەم پارتە سیاسییەکانی ڕۆژئاوا کەسانی پۆپۆلیست دەکەنە پاڵێوراو، بەڵکو ئێمە پارتی پۆپۆلیستیمان هەیە کە سەرکردەی پۆپۆلیستیان هەیەو لەبەرامبەردا پارتی ناپۆپۆلیستیمان هەیە کە سەرکردەی ئاساییان هەیە. من هیچ پارتێکی ئاسایی نێو ئەوروپای ڕۆژئاوا شك نابەم کە سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی کردبێتە کاندید، کە ئەمەش جیاوازە لە دۆخەکە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، یان ئەمەریکا. بەڵام پارتە ئاساییەکان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا لە داکشاندان، ئەندامەکانیان لە دەست دەدەن و پشتیوانەکانیان دەستبەرداریان دەبن و ڕێژەی دەنگە بەدەستهاتووەکانیان لە کەمی داوە، ئەمە ڕەوتەکەیە لە ماوەی ٢٠ساڵی ڕابردوودا. کەواتە پارتەکان لە داکشاندان، لەبەر ئەوەی بەرەو ناوەند ڕۆیشتوون، لەم حاڵەتەشدا زەحمەتە بۆ دەنگدەران کە جیایان بکەنەوە، چونکە چیتر ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆیان نییە. واتە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا چینی ناوەڕاست چینێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەشە کە هەموو پارتەکان بەرەو ناوەند — نە چەپڕەو، نە ڕاسترەو- ڕۆیشتوون، کاتێکیش ئەمە دۆخەکە بێت کە ناتوانیت پارتەکان لێك جیابکەیتەوە، ئەو کاتەش ناسنامەی تایبەت بە خۆیان لە دەست دەدەن، ئەمەش دەرفەت بۆ پۆپۆلیستەکان دروست دەکات بۆ ئەوەی خۆیان وەك پارتگەلێکی ڕاسترەو بناسێنن. لە ئەڵمانیا بڕوانە، کە پارتێکی نوێ و پۆپۆلیستی لە سەرهەڵداندایە، لەبەر ئەوەی پارتەکەی ئەنجێلا مێرکل بەرەو سەنتەر ڕۆیشتووە، ئەمەش پانتاییەکی بۆ پارتێکی نوێی ڕاسترەو دروستکردووە بۆ ئەوەی دەربکەوێت. کەواتە ئەگەر تۆ دەنگدەرێکی تەقلیدیی پارتەکەی ئەنجێلا بیت لە ئەڵمانیا، ئەوا ئەو بۆچوونەت لا دروست دەبێت کە ئەم پارتە چیتر نوێنەرایەتی تۆ ناکات، لەبەر ئەوە پتر بە ئاڕاستەی چەپدا ڕۆیشتووە، ئەو کاتە دەنگ بە پارتێکی دیکە دەدەیت، ئەمەش لە وڵاتانی دیکەدا ڕوودەدات و دووبارە دەبێتەوە.

*** کەواتە ئایا پێتوایە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەدا کە هاتۆتەئاراوە، خودی دیموکراسیش لە ئەوروپادا لە داکشاندایە و مەترسی لەسەر دروست بووە؟**

- با بەم شێوەیە گوزارشتی لێبکەم، ئەگەر پارتە سیاسییە ڕاسترەوەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا هەڵبژێردران، ئەوا ئەمە بۆی هەیە هەڕەشە لەسەر دیموکراسی دروست بکات. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پارتە ڕاسترەوەکان چەند بیرۆکەیەکی تایبەتیان هەیە سەبارەت بە دیموکراسی، چونکە ئێمە دوو جۆر دیموکراسیمان هەیە، دیموکراسیەتی لیبراڵی و دیموکراسیەتی نالیبراڵی، تائێستا ئەوەی لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا هەیە، دیموکراسیەتی لیبراڵییە، کە بە مانای ئازادی ڕۆژنامەگەری و سەربەخۆیی دادگاکان و بوونی دامەزراوە جیاوازەکانە کە یەکتر لە سنووردا ڕابگرن، ئەمە دیموکراسیەتی لیبراڵییە. بەڵام کاتێك تۆ لە ڕووسیا و هەنگاریا و پۆڵەندا دەڕوانیت، ئەوا حکومەتەکان هەڵدەستن بە تەنگپێهەڵچنینی ڕۆژنامەگەری و ئەو یاسایانە دەردەکەن کە کارکردنی ڕۆژنامەگەری دژوار دەکەن، یان هەڵدەستن بە کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندنەکان و هەوڵدەدەن دادگاکان بکەنە پاشکۆی خۆیان، بڕواننە دۆخی پۆڵەندا. کەواتە کاتێك ئەم جۆرە سیاسەتمەدارانە هەبن لە ڕۆژئاوادا و کاتێك پەرلەمانەکانیان هەڵبستن بە دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە دۆخەکە بەم ئاڕاستەیەدا دەبن، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە هەنگاونان هەیە لە دیموکراسیەتی لیبراڵییەوە بەرەو دیموکراسیەتی نالیبراڵی، کە کار دەکرێت بۆ بێ بەهاکردن، یان هەڵوەشاندنەوە، یاخود تێکشکاندنی دامەزراوەکانی کۆنترۆڵکردن، ئەمەش مایەی نیگەرانییە.

*** کەواتە پێتانوایە پۆپۆلیزم هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر دیموکراسیەتی لیبراڵی؟**

- بەڵێ، پۆپۆلیزم هەڕەشەیە بۆ سەر دیموکراسیەتی لیبراڵی، ئەو ڕێسایەی لە ئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارە هەڵێنجراوە، ئەوەیە کە بوونی بەرهەڵستکاری پۆپۆلیستی

سوود بە دیموکراسی دەگەیەنێت، لە کاتێکدا بوونیان لە دەسەڵاتدا زیان بە دیموکراسی دەگەیەنێت، باشترین نموونە ڤەنزوێلای سەردەمی هۆگۆ شافێزە، شافێز نییەتی باشی هەبوو، بەڵام بڕواننە حکومەتی ئەم وڵاتە لە ئێستادا. کەواتە پۆپۆلیزم لەدەسەڵاتدا تۆمارێکی خراپی هەیە، لەبەر ئەوە دژی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن دەوەستێتەوە و ڕێز لە بەرهەڵستکارەکان ناگرێت و کاتێکیش ڕێزت لە بەرهەڵستکارەکان نەگرت، ئەوا ناتوانیت باشترین بڕیار دەربکەیت.

*** واتە ئەوە راستە کە دەوتریت پۆپۆلیستەکان پشوودرێژ نین لەگەڵ ڕێکارە دیموکراسییە ئاڵۆزەکاندا؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، من بە تەواوەتی هاوڕام لەگەڵ ئەمەدا.

*** تا چەند دەتوانین هۆکاری سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە ڕۆژئاوادا بگەڕێنینەوە بۆ چوونی شەپۆلی پەنابەران بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی کە نەتوانراوە کاربکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو ئەو پەنابەرانە ئاوێتەی ئەو کۆمەڵگەیانە بکرێن، راوبۆچونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا پۆپۆلیزم پێش هاتنی شەپۆلی ئاوارە و پەنابەرەکانیش هەر بوونی هەبووە، لەبەر ئەوە پێموایە قەیرانی پەنابەران دەبێتەهۆی ئاڵۆزترکردنی کێشەی پۆپۆلیزم و خراپترکردنی، بەڵام ناکرێت بڵێین هۆکاری کێشەکەن، ریشەی کێشەکە لە شوێنێکی دیکە و ریشەیەکی ناوخۆیی هەیە، بەڵام قەیرانی پەنابەران دۆخەکەی دژوارتر کردووە. هەروەها من پێموایە پرسی پۆپۆلیزم و سیاسەتی پەیوەست بە ناسنامەوە تەنیا پرسێکی ڕۆژئاوایی نییە، چونکە ئەگەر لە جیهانی ئیسلامی بڕوانیت و ئەگەر سەرنج لە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بدەیت، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە هەمان پرسیش لەوێدا بەدی دەکرێت، واتە پرسی ناسنامە و کەلتووری و زمان، هەمو ئەو پرسانەی کە پۆپۆلیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا پشتیوانی لێدەکەن. ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە و لە بەشەکانی دیکەی جهانیش بەدی دەکرێت. کەواتە پرسی ئاوێتەبوون و پرسی ئیسلام بوونەتە بابەتێك بۆ پۆپۆلیزم، چونکە دەڵێن بڕوانن خۆ ئێمە بووینەتە غەریبە لە وڵاتی خۆماندا و چیتر شەقامەکانی خۆمان ناناسینەوە و دەبێت نیگەران بین، کەواتە ئەمە فاکتەرێکی یارمەتیدەرە بۆ تیرۆریستان و بۆ پۆپۆلیستەکان. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، ئەمە فاکتەرێکی گەورەیە بۆ هەڵکشانی پۆپۆلیزم، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا و فەرەنسادا، بەڵام هۆکار و ریشەی سەرهەڵدان و دروستبوونی نییە، چونکە ماوەیەکی زۆرە ئەم دیاردەیە دروست بووە.

*** ئایا زیادبوونی ڕەوتە تیرۆریستەکان دەبێتەهۆی ئەوەی پۆپۆلیستەکان وەك پاساوی راست و دروستی بانگەشەکانیان لێکی بدەنەوە، بەو پێیە ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی بازنەیەکی داخراو کە دەربازبوون لێی ئاسان نییە؟**

- بەڵێ، ئەمە تەواو راستە، چونکە ئەمە ستراتیژیەتی تیرۆریستانە، کە ستراتیژیەتەکەیان ئەوەیە کە ترس و تۆقاندن بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا کاردانەوەیەکی گەورە دروست بێت و تیرۆریستانیش دەیانەوێت شەڕ زیاتر لە نێوان ئیسلام و ڕۆژئاوادا دروست بێت، کەواتە هەردوولا بە ئاراستەیەك کاردەکەن کە ببنەهۆی پتەوترکردنی پێگەی یەکتر.

*** دوایین پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند تیرۆریستانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی تیرۆریستانی داعش بوونەتە کێشەیەکی جیهانی و مەترسی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی زیاتری ناوچەکەو بێ نیزامی لە جیهاندا دروست کردووە؟**

- پێموایە خەڵکی پتر ئەمە وەك هەڕەشە و مەترسییەك بۆ سەر سەلامەتی خۆیان لەقەڵەم دەدەن و کەمتر بەو شێوەیە لێی دەڕوانن کە مەترسی بێت بۆ سەر نیزامی نێودەوڵەتی، واتە وەك هەڕەشەیەك نزیك لە خۆیان هەستی پێدەکەن و دەیانەوێت دەوڵەتەکەیان کار و ڕێکاری زیاتر بگرێتەبەر. هەروەها وەك کاردانەوەیەك دروستبوونی ئیسلامۆفۆبیا بەدی دەکەین، کە ئەمەش پەیوەست و گرێدراوە بە پرسی کۆچبەرانەوە و پێموایە ئەمە کێشەی ژمارە یەك و کێشەی سەرەکییە لە ئێستادا. واتە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپیدا پرسی کۆچبەران و پەنابەران و ئیسلامی ئەولەوییەتن و لە پێش سەرجەم پرسەکانی دیکەوەن، کە ئەمەش زیاتر لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و فەڕەنسا و بەریتانیا و وڵاتە ئەسکەندەنافییەکان هەستی پێدەکرێت، لە کاتێکدا وڵاتێك وەك ئیسپانیا کەمتر کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم کێشەیەوە.

**پۆپۆلیزم لەدەسەڵاتدا تۆمارێکی خراپی هەیە، لەبەر ئەوە دژی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن دەوەستێتەوە و ڕێز لە بەرهەڵستکارەکان ناگرێت و کاتێکیش ڕێزت لە بەرهەڵستکارەکان نەگرت، ئەوا ناتوانیت باشترین بڕیار دەربکەیت**

**پۆپۆلیستەکان دۆخەکە وا وەسف دەکەن کە پارتە تەقلیدییەکان بەشێکن لەو نوخبەیەی کە بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییە ئاساییەکان نادەن. لێرەدا ئەو پارتانەش دووچاری دژواری دەبنەوە لە ڕوونکردنەوەی حاڵەتەکەو لە ڕەواندنەوەی ئەم بانگەشەیەدا، لەبەر ئەوەی یان ئەوەتا هیچ کارێک ناکەن، یاخود ئەدایان لە ئاستی پێویستدا نییە**

# جوداهی دناڤبەرا مە و هەوە دا چیە؟

یا ب ساناهی نینە بتنێ ل سەر زمانی بێژین، جیهان هەمبوو دیدەڤانییێ ل سەر بارێ گرانێ خەلکێ پارێزگەها دهۆك د دەت کو (٢٢) کەمپێن ئاواران هەنە، هەمبوو دپرن ژ ئاوارە و پەنابەران، ب رێژا (٣٨٪) ئەڤ خەلکە ل کەمپان دا دئاکنجی نە و (٦٢٪) ل دەرڤەی کەمپاندا، ڤێ گڤاشتنا ل سەر پارێزگەها دهۆکێ خودانکرن و ئارامی و ژین و ژیار دڤێت، دیسا رێژا هەرە مەزن ل ناڤ باژێرییە کار نەهێلایە بۆ خەلکێ پارێزگەهێ، سەرەرایی ئەڤێ قەیرانا دژوار و ئەڤێ رێژا زورا ئاوارە و پەنابەران نوکە بەرهەڤی بۆ دانانا (٥) کەمپێن دی دهێتەکرن، پێشبینی دهێتەکرن نێزیکی ملیۆن ئاوارێن دی ژ پارێزگەها نەینەوا بگەهەنە پارێزگەها دهۆك، نەیا ب ساناهییە ئەڤ ژمارە بەلکو رۆژانە و هەر تشتەکێ گرێدایی ژیانێ بۆ دهێتە دابینکرن وەك (ئاڤ، کارەب، خواندن، خزمەتێن ساخلەمی، رێك و ئاڤەرو). هەیڤانە ئەرزاق ل سەر دهێتە بەلاڤەکرن و بێ بەرامبەرە، ل گەل چارەسەکرنا کێشێن جڤاکی و یاسایی، دەمێ دەستپێکێ ئاوارە هاتین و ل کەمپان بنەجە بووین بتنێ چاڤ ل خوارنێ بوو، نوکە هندەك خواستێن دی هەنە وەك قوتابخانێن ئامادەیی و زانکۆ و کافی وئەنتەرنێت، بازار و خوارنگەه و یاریگەهێن تەپاپێ و سەنتەرێن رەوشەنبیری دڤێن، و ئەڤە مافێ ڤی خەلکی یە، ئەڤە و لدیف ستانداردین نیف دەولەتی نابیت ژیانا پەنابەرا و ئاواران خوەشتر لێ بهێت ژ خەلکێ خوە جهێ دەڤەرێ، هندەك ئاستان دا دبیت ژیانا خەلکێ کەمپێ خوەشتر بیت و دبیت هندەك گوندێن پارێزگەهێ قوتابخانە و ئاڤ و ئاڤەرو نەبن ل کەمپان هەنە و ئەڤە ب ساناهی نەهاتینە دانان، راستە ئەڤە خزمەتە لێ ئەڤە روویەکێ دی یێ شارستانی و مرۆڤایەتی و نەتەوەیی نیشا دەرڤە دایە و ئەم هەمبوو کورد شانازیێ پێ دکەین، ئەڤە هەمبوو رۆژانە پێدڤی ب بودجەکێیە و دو ساڵە بەردەوام حوکمەت لسەر کار دکەت و ئەڤە تشتەکێ نەخازراو بوویە کو پێشتر بەرهەڤی بوو نەهاتبوونە کرن، ئەڤە سەرەڕایی ڤی بارێ گران لسەر ملێن خەلکی و حوکمەتێ و قەیرانا ئابووری و بڕینا بوودجە و موچەی کو قویتێ خەلکی کوردستانێیە، د دەمەکی دا مەزنترین چەپەرێن پێشمەرگەی دگەل داعش هەر یێن ڤێ پارێزگەهێ نە و بەهرا شێری یا شەهیدێن کوردستانێ هەر بەهرا پارێزگەها دهۆکێ بووینە، ئەڤێ هەموویێ دەروونێ خەلکێ پارێزگەهێ وەك هەمبوو کوردستانێ نە ئارام کریە، لێ خالا من دڤێت سەر ب راوستم و پتر پێداچوونێ تێدا بکەم کەرتێ پەروەردێیە، سەرەڕایی نەبوونا ژێرخانەکا پەروەردەیی یا بهێز ل پارێزگەها دهۆك و ئەڤە ژی هەر بۆ بەری سەرهلدانێ دزڤریت و ئەو سیاسەتا حوکمەتا گور ب گور لگەل خەلکێ پارێزگەهێ کو هەر دەم هزر و خەیالا وا ئەو بوویە، ئەڤ خەلکە یێ پاشڤەمای بیت، هەتا نوکە پێدڤی ب سەدان ئاڤاهێن قوتابخانایە و پێدڤی ب دامەزراندنا هزاران مامۆستایایە، ل



**جمبد شوکری ئاکرەیی***

بۆ گولانی نووسیوە

دووڤ داتاییێن وەزارەتا پەروەردێ ل سالا بوری ل پارێزگەها دهۆك (٢٣) قوتابخانێن سێ دەوامی هەبووینە، بەرامبەر ل هەولێرێ (٥)قوتابخانە وسلێمانییێ (١٦) قوتابخانە ئانکو ل دهۆکێ پتر هەردوو پارێزگەهێن دی هەبووینە، مامۆستاییێن موولەتا بێ مووچەی وەرگرتی دیسا ل دهۆکێ پشکا شێری بەرکەفتیە (٢٨٥) مامۆستا بووینە، موولەتا دایکینێ ل پارێزگەها دهۆکێ (٢٠٨٩) مامۆستا بووینە، سەرەڕایی کێمبوونا ئاڤاهی یان نەبوونا پەیمانگەها کو ل دهۆکێ (٧) هەنە و ل پارێزگەهێن هەولێرێ (١٣) سلێمانییێ (١٣) ئیدارا گەرمیان (٥)، د دەمەکێدا سەرەڕایی نەبوونا ئاڤاهیا و سازییێن پەروەردییێن پێدڤی ل پارێزگەها دهۆکێ کێشا هەر مەزن نەبوونا مامۆستایانە ل سەرجەمێ (١٦٠٤) قوتابخانە (٢٧٧٣٧) مامۆستا مە هەنە کو (١٧٧٦) گرێبەست، (٦٥٠٠) هاتن و چوونێ دکەن ژ سەنتەری بۆ دەردوران (٣٨٣٠٠) قوتابی ل پارێزگەهێ هەنە، لێ سەرەڕایی ئەڤان هەموو کاودانێن بەرتەنگ و نەبوونا مووچان، مامۆستاییێن پارێزگەهێ هەر دلسوزیا خوە دیارکرینە و بارێ گرانێن سەر ملێن خوە نە داناینە و ئەڤ مامۆستایە ژی خودان خێزان و مالن و مووچە و پارە دڤێن و مافێ ژین و ژیارێ هەیە، ئانکو بارێ ئابووری و قەیران و ئاوارە ل کوردستانێ هەموو پتر قورساتی لسەر ملێن خەلکێ دهۆکێیە، د دەمەکێدا ل هندەك باژێرکان ئالییێن سیاسی کەرتێ پەروەردێ و دلسوزی و کەساتیا مامۆستایی یا پر بها یا کو مللەت لسەر دەستێ مامۆستایی دهێنە ئاڤاکرن، بۆ مەرەمێن خوە یێن سیاسی و بەرژەوەندییێن خوە یێن بەرتەنگ بکارئینانینە و دڤێن ئەڤێ ئەزموونا ب سالەها شەهید بۆ هاتینەدان نەشرین و نە جوان بکەن، د دەمەکێدا مامۆستا و دلسوزێن هەر ڤێ پارێزگەهێ هەر ل هەمان رۆژا مامۆستا هندەك باژێرکان جادە تژی کرین گرتین بریارێن بایکوتێ داین، مامۆستاییێن مە پارێزگەها دهۆك چەپەرێن پێشمەرگەی گرتنە بەر و سلاڤ و دەست خوەشی لێ کرن و دووپاتکرن کو ئەم هەردوو چەپەرێن بەرگرێی داینە، پێشمەرگە ب تڤەنگا خوە بەرەڤانییێ ژ کەرامەت و خاکا پیروزا کوردستانێ دکەت، ئەم مامۆستا ب پێنوسێ خوە دێ بەردەوامییێ دەینە ژیانێ، ناهێلین بیروکێن نەحەزو دوژمنێن مللەتێ کورد وەلاتێ مە نەشرین بکەن، دبینم یا فەرە مامۆستا وەك تەخەکا رەوشەنبیرا جڤاکێ مە کا چەوا لگەل هەموو شورەشێن کوردی رۆلەکێ هەرە بەرچاڤ هەبوویە، شیایە ببیتە چرا و مفا ژ ئەزموون و شارەزایی و زانستێ وی هاتیە وەرگرتن، ئا نوکە ژی مللەت پێدڤی ب مامۆستایە ب هزر و بیرێن خوە دور بکەت ژ هەر بیروکەکا کەڤنار و هەرفتی یا نە د بەرژەوەندیا مللەتێ کورد دا، بەرۆڤاژی ئەو دەرزینکا رەوشەنبیری و ساخلەم و ئاڤاکەر بیت بۆ هەموو تەخێن جڤاکی و خودیك بیت هەموو خوە تێدا ببینن.

**لدیف ستانداردین نیف دەولەتی نابیت ژیانا پەنابەرا و ئاواران خوەشتر لێ بهێت ژ خەلکێ خوە جهێ دەڤەرێ**

*** سەرۆکا لژنا پەروەردێ ل جڤاتا پارێزگەها دهۆك**



ئەلئەب ئەنیس یەعقوب سۆلا قەشەی کەنیسەی شەقڵاوە بۆ گوڵان:

# گەرەنتیی گەڕانەوەی کریستیانەکان بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان دروستکردنی پارێزگایەکە لە دەشتی نەینەوا کە سەر بە کوردستان بێت

# کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا داوای پارێزگایەکی تایبەت بەخۆیان دەکەن

**ئەلئەب ئەنیس یەعقوب سۆلا قەشەی کەنیسەی شەقڵاوە لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی ئەو کۆمەڵکوژی و ئازار و ئەشکەنجەیەی کرد، کە ئایین و ئایینزاکان لە پارێزگای نەینەوا دووچاری بوون، هەربۆیە داوا لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات پارێزگایەك لەدەشتی نەینەوا بۆ کریستیانەکان دروست بکەن و لەژێر پارێزگاری و چاودێری نێودەوڵەتی و سەر بە هەرێمی کوردستان بێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەو پێگەیەدا بژین و زێدی خۆیان بەجێ نەهێڵن. هەر لەمیانەی ئەم دیدارەدا لەسەر پرسی ئاییندەی کریستیانەکان و چەند تەوەرێکی دیکە بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** هەرێمی کوردستان بووەتە پێگەیەك بۆ پێکەوەژیان و لێبووردەیی نێوان لەنێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان، بەڕادەیەك لەشارێکی وەکو شەقڵاوە بەزەحمەت موسڵمان و کریستیانێك لەیەکتر جیادەکرێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کریستیانەکان لەناوچەکانی تری عێراق دووچاری کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و رفاندن و سووتانی کەنیسەو وێرانکردنی شوێنەوارەکانیان بوون. ئایا چۆن سەیری ئەم کەلتوورە دەکەن؟**

- لەکوردستان پێکەوەژیانی نێوان ئایین و ئایینزاو نەتەوەکان مێژووییەکی دێرینی هەیە، لەکۆنەوە کوردستان جێگای فرەئایینی و ئایینزای جۆراوجۆرو پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن بووە، لەدوای شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش بارزانی نەمر سیمبولی ئەم پێکەوەژیانە بووە و کەلتووری لێبووردەیی زیاتر پەسەندکردووەو پەرەی پێداو دەوڵەمەندتری کرد. ئەوەتا خەڵکی شەقڵاوە بەکریستیان و موسڵمانەوە هیچ جیاوازییەکیان لە نێوانیاندا نییە، لەجلوبەرگ و کەلتووری ژیان و بژێوی و بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان و لەناخۆشی و خۆشیەکاندا هاوبەش بوون، رێز لەهەموو بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و پیرۆزییەکانی یەکتر گیراوە، بەشداری پرسەی برا موسڵمانەکانمان کردووەو ئەوانیش زۆر بەڕێزەوە دێنە پرسەکانمان و لەخۆشیەکانیشدا جەژنە پیرۆزە لەیەکتر دەکەین، واتا هەرگیز موسڵمان و کریستیانێك لە کوردستان ئەو نەریتەیان نەبووە، بڵێن فلانە

**لەکۆنەوە کوردستان جێگای فرەئایینی و ئایینزای جۆراوجۆرو پێکەوەژیان و یەکتر قبووڵکردن بووە، لەدوای شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش بارزانی نەمر سیمبولی ئەم پێکەوەژیانە بووە و کەلتووری لێبووردەیی زیاتر پەسەندکردووەو پەرەی پێداو دەوڵەمەندتری کرد**

**هەموو کات هەڵوێستی سەرۆک بارزانی پشتگیری کردن بووە لەمافی کریستیانەکان هەر بۆ نموونە لەراپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی ١٩٩١ کاک مسعود بارزانی لەسلێمانی وتی: هەر وەختێک بزانم نەمتوانی بەرگری لەکریستیانەکانی کوردستان بکەم، کوردستان بەجێدەهێڵم. ئەم پەیامە نموونەیەکی زۆر سەربەرزو پرشنگدارە لەشۆڕش و راپەرین و هەڵوێستی سەرکردەکانمان بەرامبەر مەسیحییەکانی کوردستان**

**لەناوخۆی کوردستانیشدا هەندێک لایەن بەپاڵپشتی دەستی دەرەکی و بۆ رازیکردنی ئەجیندەی وڵاتانی ئیقلیمی داوای کەمکردنەوەی کورسی کریستیانەکانیان لەپەرلەمانی کوردستان کرد، ئەمەش پێچەوانەی پێکهاتەی هەرێمەکەو کەلتووری پێکەوەژیانە کە هەرێمی کوردستان پێی ناسراوە**

جەژن هی ئێمە نییەو ئەو جەژنە هی ئێمەیە، ئەمەش وایکردووە لەکوردستان توندوتیژی ئایینی و دەمارگیری نەبێت و هەمووان پێکەوە بژین. ئەوەتا لەکوردستان کەنیسەو شوێنە پیرۆزەکانمان پارێزراون، لەکاتێکدا کەس نازانێت کەنیسەو شوێنە مێژووییەکانمان لەشوێنێکی دێرینی کریستیانەکان واتە لە شاری موسڵ چییان بەسەر هاتووە، تەنانەت پێش هاتنی داعشیش قەشەو مەترانەکانمان دەرفێندران و دەکوژران، لەبەغداش کەنیسەکانمان تەقێنرانەوە و سووتێنران و هاووڵاتی کریستیانی سیڤیل و بێتاوان کوژران.

*** ئەگەر کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و رەتکردنەوەی توندوتیژی بەرهەمی سروشتی تاکی کوردستانی بێت، ئایا چۆن پەرە بەم کەلتوورە دراوە، بە رادەیەك ئێستا هەرێمی کوردستانی وای لێکردووە نەك تەنیا لەعێراق، بەڵکو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا پێگەیەك بێت بۆ پێکەوەژیان؟**

- کریستیانەکان لەشۆڕشی رزگاریخوازی کوردستاندا رۆڵێکی گرنگ و باڵایان هەبوو، ناوچەو گوندەکانیان شوێنی حەوانەوەی پێشمەرگە بووەو دەیان پێشمەرگەمان لەو شۆڕشانە هەبووە تەنانەت پێگەو بەرپرسیارێتیمان هەبووە، کاك فرانسۆ هەریری نموونەیەکی زۆر روون و ئاشکرا بووە لەخەبات و تێکۆشان و قوربانیدان، لە شەهیدبوون و گیانفیدایش نموونەمان زۆرە لە ٢٣ شەهیدی ئەم شارە لە شەقڵاوە کە لەساڵەکانی هەشتاکان بەدەستی رژێمی بەعس شەهید بوون دوو شەهیدیان کریستیان بوون و لەیەك گۆڕستانیش نێژراون، هەروەها هەموو کات هەڵوێستی سەرۆك بارزانی پشتگیری کردن بووە لەمافی کریستیانەکان هەر بۆ نموونە لەراپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی ١٩٩١ کاك مسعود بارزانی لەسلێمانی وتی: هەر وەختێك بزانم نەمتوانی بەرگری لەکریستیانەکانی کوردستان بکەم، کوردستان بەجێدەهێڵم. ئەم پەیامە نموونەیەکی زۆر سەربەرزو پرشنگدارە لەشۆڕش و راپەرین و هەڵوێستی سەرکردەکانمان بەرامبەر مەسیحیەکانی کوردستان. هەرواش بوو کاتێك دەوڵەتی تیرۆریستی داعش دروست بوو، کریستیانەکان وەکو برا کوردو ئێزیدی و تورکمانەکان کەوتنە بەر شاڵاوی رفاندن و کوشتن و ئازاردان و تەقاندنەوەی کەنیسەو شوێنە پیرۆزەکان لەنەینەوا و ناوچەکانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق و تەنیا شوێنێك باوەشی بۆ ئەو هەموو کریستیانە کردەوە، هەرێمی کوردستان بوو، ئەوە بوو سەرۆك بارزانی فەرمانی دا دەروازەکانی کوردستان لەبەردەم لێقەوماوان بکرێتەوەو فریای برا مەسیحی و ئێزیدی و کوردەکانی دەشتی نەینەواو موسڵ و ناوچەکانی تری عێراق کەوت، کە تەنیا لە شەقڵاوە ٧٥٠ خێزانی ئاوارەی کریستیان لێرە نیشتەجێبوون و بەشی زۆری ئاوارە کریستیانەکان لە هەولێر لە عەینکاوە بوون و بەشێکی تریشیان لە پارێزگای دهۆك نیشتەجێبوون. کاتێك کریستیانەکان روویان لەکوردستان کرد، هیچ جیاوازییەکیان نەبینی لەگەڵ خەڵکی کوردستان، تەنانەت ناسنامەو بەڵگەنامەی نیشتەجێبوونیان بۆکردن و لەدامودەزگا حکوومی و ئیدارییەکاندا زۆریان دامەزران و مامەڵەیەکی کوردستانییان لەگەڵ کرا.

*** لەروانگەی ئایینەوە پیاوانی ئایینی کریستیان چۆن سەیری ئەم هەڵوێست و کەلتوورە دەکەن؟**

- لە روانگەی ئایینی کریستیانەوە زۆر بەرێزەوە دەڕوانینە ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەی، ئێمەش بە بەردەوام هەوڵ دەدەین لە کەشوهەوایەکی ئارام و ئازاددا بژین و مومارەسەی سروتی ئایینی خۆمان بکەین و رێزی تایبەتیش لە ئایینەکانی تر بگرین.

*** ئەمە یەکەمین جار نییە ئەو نەتەوانەی کەمینەن، یا ئایین و ئایینزاکان لە ناوچەی دەشتی نەینەواو موسڵ و شارەکانی تری ناوەڕاست و خوارووی عێراق رووبەڕووی پاکتاوکردن دەبنەوە، ئایا بە رای ئێوە ئاوارە کریستیانەکان دوای ئازادکردنی ناوچەکانیان جارێکی تر دەگەڕێنەوە دەشتی نەینەواو شاری موسڵ؟**

- بە دڵنیاییەوە کوشتن و دەرکردنی کریستیانەکان لەعێراق مێژووییەکی کۆنی هەیە و قۆناغ بە قۆناغ شاڵاوێکی بەرنامە بۆ دارێژراو هەبووە، بەڵام ئەو شاڵاوەی

داعش کە بەسەر خەڵکی عێراق و پێکهاتەکەی ئێمەدا هات، راچەڵەکاندنێکی مەترسیدار بوو، بەتایبەتی بۆ ئەو نەتەوەو ئایینانەی کەمینەن، دواکەوتنی لەناوبردنی ئەو تاقمە توندوتیژەو بڵاوبوونەوەی کەلتووری توندوتیژی ئایینی لەو ناوچانە مەترسییەکی گەورەی لای خەڵکی ئێمە دروست کردووە، بەوەی جارێکی تر ناتوانن لەو ناوچانە بژین، هەربۆیە گەرچی ژمارەیەکی زۆری خێزان کریستیانەکان کۆچیان بەرەو وڵاتانی ئەوروپا کرد، بەڵام بوونی سەرۆك بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان وایکرد هەموو کریستیانەکان کۆچ نەکەن، جەنابی بارزانی ئێستا خەمخۆرە بەوەی پارێزگایەکی تایبەت بۆ کریستیانەکان و ئێزیدیەکان لەدەشتی نەینەوا دابمەزرێت و لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بێت، کە لەگەڵ زەمانەتی نێودەوڵەتیش ئەو پارێزگایە ئاوەدان دەکرێتەوەو جارێکی تر بەر شاڵاوی شۆڤینیەت و دەمارگیری ئایینی نابنەوە، هەر ئەمەش تاکە زامنی گەڕانەوەو مانەوەی ئەو پێکهاتە رەسەنانەی ئەم ناوچەیەیە کە خاوەنی شارستانیەتێکی مێژوویین.

*** پاپای فاتیکان تاچەند هەوڵیانداوە هێزەکانی هاوپەیمانان بجووڵێنن بۆ ئەوەی ئەم هەوڵەی سەرۆك بارزانی سەربگرێت و چیتر خەڵکی لەسەر ئایین و نەتەوە لەدەشتی نەینەواو کۆمەڵکوژ نەکرێت و خاکەکەیان چۆڵ نەکەن؟**

- لە رووی ئایینیەوە پاپای فاتیکان و هەموو دەوڵەتەکانی دەرەوەش پێیان باشە کریستیانەکان لەم ناوچەیەی دەشتی موسڵ بمێننەوە، سەرۆك بارزانی و حکومەتی هەرێمیش هەمان راوبۆچوونیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرۆك بارزانی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپییەکان و بەتایبەتی دەوڵەتی فاتیکان و خودی پاپای فاتیکان هەیە، کە بەچاوێکی زۆر گەشاوەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی بەرامبەر خودی جەنابی سەرۆك بارزانی، چەندین جار جەنابی پاپای فاتیکان باسی ئەو نموونە جوانەی کوردستانی کردووە لەپێکەوەژیانی نێوان هەموو ئایین و ئایینزاکان و ئومێدیشی زۆرە کە هەر بەو شێوەیە کوردستان لەسەر ئەو کەلتوورەی بەردەوام بێت، تەنانەت رۆڵیان هەبووە بەوەی کێشەی کورد بگەیەننە ئاستی جیهانی و ناوەندە نێودەوڵەتیەکان و ئاژانس و رێکخراوە جیهانییەکان، تەنانەت پاڵپشتی لەخەونی گەورەی کورد دەکەن کە بەخاوەن دەوڵەت بوونە، بەتەئکید ئەرکی ئەوانیشە پارێزگاری لەدامەزراندنی پارێزگایەکی نوێ بکەن لەم ناوچەیەدا بۆ ئەوەی جارێکی تر فکری تیرۆریستی و توندوتیژی و دەمارگیری ئایینی لەم ناوچەیەدا سەرهەڵنەداتەوە. ئەگەر ئەوان نەتوانن ئەمجارە پشتگیری لەراوبۆچوونی بارزانی بکەن، ئەوا نەك لەموسڵ و دەشتی نەینەوا کریستیانەکان کۆچ دەکەن، بەڵکو تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپێکهاتەی کریستیان چۆڵ دەبێت، لەکاتێکدا بوونی هەرسێ ئایینی موسڵمان و کریستیان و جوولەکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نموونەی سەرەکیی پێکەوەژیانە لەجیهاندا.

*** کەواتە پاکتاوکردنی پارێزگای نەینەواو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کریستیانەکان پیلان و بەرنامەبۆدارێژراو بووە، هیچ دەوڵەتێك لەپشت ئەم پیلانەوەیە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە، وەڵامەکەشی روونە. بەو پێیەی لەهەموو لایەکەوە کوردستان بەدوژمن دەورە دراوەو ویستی شۆڤینیەتی قەومی رێگرە لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستان، ئەم نموونەیەی پێکەوەژیان و لێبووردەییەی کوردستان قبووڵ ناکەن و بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم ویستی تەماعکارانەو بڵاوکردنەوەی کەلتووری دەمارگیری و فیکری تائیفی، بۆیە بەبەردەوام لە بۆسە و پلاندان بۆ ئەوەی کوردستان و ناوچەکە خاڵی بکەن لەکریستیان و ئایین و ئایینزاکانی تر، ئەوەتا شاڵاوێکی بەرنامە بۆدارێژراو بۆ بەتاڵکردنەوەی عێراق و کوردستانیش لەکریستیانەکان هەیە، تاوەکو وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی و پێشکەوتوو پاڵپشتی گەلی کوردستان نەکەن، بەڵام بە یەکرێزی و هۆشیاری تاکی کوردو کوردستانی هەموو ئەو پیلان و نەخشە دوژمنکارییانە تێکدەشکێت و هەڵدەوەشێتەوە. من هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم جارێکی تر پارێزگای نەینەواو عێراقیش بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە و ناوچەکە بە نەخشە کۆنەکەی سایکس پیکۆ رێکبخرێتەوە،

**سەرۆک بارزانی لیوایەکی تایبەتی پێشمەرگەی لە پێکهاتەی کریستیانەکان دامەزراندووەو بەشێکن لەمەنزومەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە جگە لە پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگەش لای بەعشیقەو بەرتیلە بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەن**

**سەرۆک بارزانی مەسەلەی کوردی گەیاندۆتە هەموو جیهان و کێشەی کوردو مەسەلەی بوون بەدەوڵەت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەئاشکرا باسی لێوەدەکرێت**

**دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد و کوردستانییەکان هاتۆتە پێشەوە بۆ جیابوونەوە لەو عێراقەی کە رۆژێک لە رۆژان جێگەی کورد و پێکهاتە ئایینی و کەمە نەتەوەییەکانی دیکەی تێدا نەبووەتەوە**

ئەمرۆش دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد و کوردستانییەکان هاتۆتەپێشەوە بۆ جیابوونەوە لەو عێراقەی کە رۆژێك لە رۆژان جێگەی کورد و پێکهاتە ئایینی و کەمە نەتەوەییەکانی دیکەی تێدا نەبووەتەوە. بەو پێیەی کریستیانەکان وەکو ئایین و نەتەوەش بەدوای ژیانێکی ئارام و سەقامگیرو شارستانیەتدا دەگەڕێن، ئەم ژیانەش تەنیا لەکوردستاندایە هەر بۆیە بوونی پارێزگایەکی تایبەت بۆ کریستیانەکان لەدەشتی نەینەواو زامنە بۆ پاراستن و کۆچ نەکردنی کریستیانەکان. ئەمرۆ سەرۆك بارزانی مەسەلەی کوردی گەیاندۆتە هەموو جیهان و کێشەی کوردو مەسەلەی بوون بەدەوڵەت لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکاو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەئاشکرا باسی لێوەدەکرێت. تەنانەت ئێمە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا باسمان لە داواکارییەکەمان بۆ دامەزراندنی پارێزگایەك بۆ کریستیانەکان کردووە و هەنگاو بۆ ئەو داواکارییەمان دەنێین، ئێستا پرسەکە گەرمەو باسی لێوەدەکرێت، ئەمەش دەبێت بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی پەسەند بکرێت. لەلایەکی دیکەوە سەرۆك بارزانی لیوایەکی تایبەتی پێشمەرگەی لە پێکهاتەی کریستیانەکان دامەزراندووەو بەشێکن لەمەنزومەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە جگە لەپاراستنی شوێنە پیرۆزەکان لەسەنگەرەکانی پێشەوەی پێشمەرگەش لای بەعشیقەو بەرتیلە بەرگری لەخاکی کوردستان دەکەن، تەنانەت مەشق و راهێنان دەکەن بۆ بەشداریکردن لە ئازادکردنەوەی ناوچەکانی تری کریستیانەکان لەدەشتی نەینەواو رزگارکردنی شاری موسڵ بەهاوشانی پۆلیسە کریستیانەکانی تر.

*** لەهەموو ئەو بەسەرکردنەوانەی ئاوارەکان بەتایبەتی بۆ لای ئاوارەکانی کریستیان و ئێزیدیەکان باس لەوە دەکەن ئەوان تەنیا کێشەیان لەگەڵ رێکخراوێکی تیرۆرستی وەکو داعش نییە، ئەوان کێشەیان لەگەڵ عەقڵیەتی حوکمڕانی و بڵاوبوونەوەی کەلتووری توندوتیژی و دەمارگیری ئایینییە، بەتایبەتی لەناو پێکهاتەی عەرەبی سوننەو شیعەدا، هەربۆیە ئەوان ناتوانن جارێکی تر لەو ناوچانەدا بێ زەمانەتی نێودەوڵەتی بژین، بەڵام ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی و تەنانەت حزبە سیاسییەکانی کریستیانەکانیش سەیر دەکرێت کۆدەنگییەکتان بۆ داواکاری پێکهاتەکەتان لەپەرلەمانی عێراق و ناوەندە جیهانییەکان نییە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە بۆ ئەو واقیعەی عێراق دەگەڕێتەوە کە کۆمەڵێك سەرکردەی تائیفی و شۆڤینی بەسەر حوکمدا زاڵ بوون؛ تەنیا کاریان تۆڵەسەندنەوەو سڕینەوەی بەرامبەرە، هەروەکو چۆن بینیمان کاتێك شیعەکان هاتنە سەر حوکم بەهەمان شێوەی سوننەکان بەناوی تۆڵەسەندنەوە لەسوننەکان هاتن، تەنانەت گەمارۆی ئابوورییان لەسەر هەرێمی کوردستان داناو بوونە هۆی تێکدانی بارودۆخی ئابووری خەڵکی کوردستان لەکاتێکدا کە ئەوان دەروازەیان بۆ ئاوارەکانی ناوچەکانی عێراق کردۆتەوە، کەچی ئەوان بەبڕینی بودجەو مووچە وەڵامی خەڵکی کوردستانیان دایەوە. ئەم فکری توندڕەو و کەلتوورەی دژایەتیکردنەی پێکهاتەی سوننە زۆر خراپتر بەسەر پێکهاتەیەکی کەمینە و ئاشتیخوازی وەکو کریستیانەکان رەنگی داوەتەوە، لەلایەك توندوتیژی فکری توندڕەویی لەناو عەرەبی سوننەو لەلایەك ویستی تۆڵەسەندنەوە لەلایەن عەقڵیەتی سەرکردەکانی شیعە، ئیتر چۆن پێکهاتەیەکی وەکو ئێمە دەتوانێت لەناو ئەم ململانێ تائیفی و تۆڵەسەندنەوەیە بژی؟ من لەگەڵ راوبۆچوونی تۆشدام کە کریستیانەکان بەهەموو مەزهەب و نەتەوەو حزبەکانیانەوە بەکلدان و سریان و ئاشوورییەوە پێویستە پێکەوە بەدەنگێکی بەرز بڕیاری چارەنووسساز بدەن کە من پێموایە لەمەدا لاوازییەك هەیە، یەکگرتنەوەو یەکێتی لەناو کریستیانەکان بۆ قۆناغی داهاتووی دوای داعش پێویستە. من لەو بڕوایەدام گروپێکی وەکو داعش کە زیاتر لە دووساڵە بە فکری توندڕەوی و دەمارگیریی ئایینییەوە حوکم دەکات، کاریگەری لەسەر عەقڵیەتی زۆر لەو خەڵکەش کردووە و شوێنەواری بەسەریانەوە دەمێنێت. ئێمە داواکاریمان ئەوەیە بەرگرییەکی نێودەوڵەتی بۆ کریستیانیەکان هەبێت لەدەشتی نەینەواو پارێزگایەکمان بۆ دابمەزرێت لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و حوکمڕانیی

**شاڵاوێکی بەرنامە بۆدارێژراو بۆ بەتاڵکردنەوەی عێراق و کوردستانیش لەکریستیانەکان هەیە، تاوەکو وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکی و پێشکەوتوو پاڵپشتی گەلی کوردستان نەکەن، بەڵام بە یەکڕیزی و هۆشیاری تاکی کوردو کوردستانی هەموو ئەو پیلان و نەخشە دوژمنکارییانە تێکدەشکێت و هەڵدەوەشێتەوە**

**دەوڵەتی فاتیکان و خودی پاپای فاتیکان هەیە، کە بەچاوێکی زۆر گەشاوەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەتی بەرامبەر خودی جەنابی سەرۆک بارزانی، چەندین جار جەنابی پاپای فاتیکان باسی ئەو نموونە جوانەی کوردستانی کردووە**

**لەکوردستان کەنیسەو شوێنە پیرۆزەکانمان پارێزراون، لەکاتێکدا کەس نازانێت کەنیسەو شوێنە مێژووییەکانمان لەشوێنێکی دێرینی کریستیانەکان واتە لە شاری موسڵ چییان بەسەر هاتووە، تەنانەت پێش هاتنی داعشیش قەشەو مەترانەکانمان دەڕفێندران و دەکوژران، لەبەغداش کەنیسەکانمان تەقێنرانەوە و سووتێنران و هاووڵاتی کریستیانی سیڤیل و بێتاوان کوژران**




هەرێمی کوردستان، چونکە کریستیانەکان بەسروشت پێکهاتەیەکی ئاشتیخواز و رۆشنبیری و رۆحیەتی شارستانی و ئاوەدانکردنەوەیان هەیە، چۆن دەتوانرێت لەگەڵ فکری توندڕەوی و دەمارگیری کۆببینەوە، ئێمە کتێبی پیرۆز هانمان دەدات سەیری مرۆڤ بکەین وەکو مرۆڤ ؛ دوور لە ئایین و ئایینزاو مەزهەبەکانەوە، لەیەکێك لە ئایەتەکاندا دەڵێت تەنانەت دوژمنەکانی خۆشتان خۆش بووێت، بەدوای ئاشتی و خۆشەویستیدا بگەڕێن، هەرگیز مەپرسن ئەمە لەسەر چ ئایین و مەزهەب و نەتەوەیەکە، ئەگەر پێویستی بەیارمەتی بوو، یارمەتی بدەن و سڵاوی لێبکەن. ئایینی ئێمە هانمان دەدات وەکو برا هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ نەتەوەو ئایینەکانی تردا، تەنانەت لەکتێبی ئێمەدا هاتووە ئاشتی بکەن و قبووڵ بکەن ئەگەر لایەنی بەرامبەر نەیانویست لەگەڵیاندا بژین، ناوچەکە جێبهێڵن و بڕۆن، هەر ئەمەش بوو وایکرد زۆر لەخێزانە کریستیانەکان کە بێ ئومێدبوون بەرامبەر عەقڵییەتی عەرەبە توندڕەوەکان ناوچەکە جێبهێڵن.

*** لەناوخۆی کوردستانیش هەندێك لە حزبە سیاسییەکان کار بۆ بە پەراوێزخستنی پێکهاتەی کریستیانەکان دەکەن، لەم پێناوەشدا هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی ژمارەی کورسییەکانی کریستیانەکان لەپەرلەمانی کوردستان کەم بکەنەوە، ئێوە وەکو پیاوانی ئایینی کریستیانەکان چۆن دەڕواننە ئەو هەوڵانە؟**

- لەناوخۆی کوردستانیشدا هەندێك لایەن بەپاڵپشتی دەستی دەرەکی و بۆ رازیکردنی ئەجیندەی وڵاتانی ئیقلیمی داوای کەمکردنەوەی کورسی کریستیانەکانیان لەپەرلەمانی کوردستان کرد، ئەمەش پێچەوانەی پێکهاتەی هەرێمەکەو کەلتووری پێکەوەژیانە کە هەرێمی کوردستان پێی ناسراوەو لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا نموونەیەکی جوان نیشان دەدا. کاتی ئەوە هاتووە پارتە سیاسییەکانی کوردستان رۆڵیان لە پاراستنی ئەم کەلتوورەو یەکڕیزی نێومالّی کورد هەبێت، هەموو کەموکوڕی و گرفتەکان هەر نەخەنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان.

# دەولەتا كوردستانێ و دژاتیا راگەهاندنا سەربەخوبونێ



شەپال حەسەن رەمەزان*

بۆ گولانی نووسیوە

ئەگەر بەرێ خو بدەینە قوناغێن دیروكا گەلێ كورد، دگەل سەرئەڤرازیا و سەرنشیڤیا دا دەربازبویە، هەروەسا ب درێژاهیا وێ مێژوویێ گەلەك شورەش و داستانێن مەزن تومار كرینە، تا جیهان ب ڤان جورە سەركەفتنان داخباربویە، لێ د ڤی كاتێ زێرین دا ناڤ بانگیا سەروك (مسعود بارزانی) سەروكێ هەرێما كوردستانێ و ئەو رولێ هەر بەرز و بلند هەبویە دقادا خەباتا گەلێ خوە یا سیاسیدا و ئایدلوژیەكا راست و دروست بو پاشەرۆژا ملەتێ كورد هەلبژارتیە.

ئەڤرو د جڤاكێ كوردستانێدا گەلەك گرژیبون پەیدابوینە دگەل هاتنا تیرورێ (داعش) و بەری هاتنا تیرورێ و گرژیبونێ دارایی و چەندین ناكوكی و پرسگرێن لایەنێن سیاسی وەكو دژایەتیا سەربەخوبونێ كو ئەوژی مافێ رەوایێ ملەتێ كوردە و ئارمانج و خەبات و هەردەم شەهیداینە پێخەمەت ڤێ ئارمانجێ بویە لەوما دژایەتیا ڤێ ئارمانجێ دژایەتیا ملەتییە ب چ رەگەز و چ ئایین بیت و بارێ مەزن ئێخستیە سەر ملێ سەروك ( بارزانی ) سیاسەتا وی یا حەكیمانە ئارمانجا ملەتێ كورد و سەرخەبونێ بویە ئارمانجا سەرەكی بەلێ وەكو یا دیار هندەك لایەنێن سیاسی تاكو ڤێ چركێ ژی بەرهەڤ نینن پێداچونەكێ د خوەدا بكەن بو چارەكرنا ڤان هەمو ناكوكیان ب رێیا دیالوكان و لێك تێگەهشتنێ و ئێك دوو قەبول كرنێ.

سەرەڕای ڤێ چەندێ بلا نەبنە سەدەما دروستكرنا گەفێ لسەر پاشەرۆژا گەلێ كورد یان نەبنە فاكتەرێ سەرگرتنا پیلانێن دوژمنان، چونكە ئەڤرو ژی ب هەمان سیناریویان ناخوازن مللەتێ كورد ببیتە خودان سنور، ئەڤرو فەرە ژ هەر دەمەكی دیتر پتر لێكتێگەهشتنا لایەنێن سیاسی ب هەڤرابن بو چارەسەركرنا پرسگرێكان ب رێیا بارزانی وەكو میناك ب هەلبژێرن و ببیتە جهێ بریاردانێ پێش هەر (چار) پارچێن كوردستانێ، چونكە ئارمانجا سەرەكی پێشڤەچون سەرخوبونا دەولەتا كوردیە راكرنا وان سنورانە ئەوێن دوژمنان بومە داناین نها ژی هەمی بزاڤان یێ دكەن بو ژناڤ برنا گەلێ كورد و ئاستەنگا هەرە مەزن (عێراقە).

هەكە تەماشەی گورەپانا سیاسی عێراقێ



بکەین دێ بومە دیار بیت کو دەرئەنجامێن سیاسەتا ترسێ و زلمێ ل عێراقێ بویە سەدەم کو ئوپوزسیون د رێرەوا خوەدا بویە چەند پشک بەری ژ ناڤ برنا سەدام حسێن پتریا ئوپوزسیونا عەرەبێن عێراقێ شێوازەك بوخو هەلبژارت کو پێ جودا بو ژ شێوازێ کوردان ل هەمان دەم هندەك ئالییێن ئوپوزسیونا عەرەب بریار دا بگەهنە رێزێن کوردا داکو خو قورتال بکەن ژ زولم و زورداریا رژێما بەعس خەباتا چەکداری هەلبژارت کو بتنێ بەرەڤانییێ ژ خو بکەن و پێش بەستن ب کوردان کر، چونکە ئوپوزسیونا کوردان بیروباوەر ب بنەماییێن مروڤایەتییێ هەبون لەورا هیچ تولڤەکرن هەمبەر وەلاتێن سڤیل و سازیێن دەولەتێ نەبو ئەڤەژی ب شاهدیا هەڤالێن دوهی و دوژمنێن ئەڤرو کو وی دەمی بو ڤەحەواندنا خو قەستا کوردان کر ئەڤرو ئەو ئوپوزسیونا عەرەب پشتی ژ ناڤبرنا رژێما سەدام حسێن یا حوکمی ل عێراقێ دکەت و مەعدەنێ وان یی راستەقینە ئاشکرا بو پشتی دەستهەلاتا وان زال بوی هەلوێستێ خو هەمبەر کوردان گوهارت و ب هەمی رەنگا دژایەتیا داخازیێن گەلێ کورد دکەن لڤێرێ پێتڤیە هەمی کار و لڤین و بزاڤێن کورد پێ رادبن گەلەك ب پاقژی دلسوزی و دلەکێ پاقژ پێ رابوریت چ تێدا سەرکەتی بن یان ژی شکەستن تێدا دیتبیت ئەڤ دلسوزیا ڤی ملەتی بویە سیمایەکێ و سومبولەکا پیروز د ناڤ جڤاکێ کوردیدا و ئەڤە بویە ئەگەرێ هندێ کو ب درێژیا سەدان سالان بەرخودان و خەبات ب دژی زلم و زورداریا دوژمن و نەیارێن خو بکەن لەما پێتڤیە سەرکردایەتی پارتی د مەکتەبا سیاسی پشتەڤانیا حوکمەتێ بکەت بەری هەر لایەنەکی دی، چونکە خەلکێ کوردستانێ وێنێ خو د پارتی دا دبینیت و پارتی رێبازا پیروزا بارزانی بو بەرژەوەندییێن گەلێ کوردستانێ هەردەم بوینە دڤێت بەردەوام بیت و سەر ڤێ خەباتێ و ب ئانەهیا خودێ ئەڤ ئاستەنگە نامینن و گەلێ کورد دێ گەهتە ئارمانجا پیروز سەرخوەبون و دەولەت بئیرادا گەلێ کوردستانێ.

*** بەرپرسا ئەنجوومەنێ پارێزگەها دهوکێ ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانی**

**ئوپوزسیونا عەرەب پشتی ژ ناڤبرنا رژێما سەدام حسێن یا حوکمی ل عێراقێ دکەت و مەعدەنێ وان یی راستەقینە ئاشکرا بو پشتی دەستهەلاتا وان زال بوی هەلوێستێ خو هەمبەر کوردان گوهارت و ب هەمی رەنگا دژایەتیا داخازیێن گەلێ کورد دکەن**



پرۆفیسۆر ئوریلییەن مۆندۆن لە بەشی سیاسەتی فەڕەنسی و بەراوردکاری لە زانکۆی باس، بایەخ بە پرسەکانی رەگەزپەرستی و پۆپۆلیزم و رەوتە راستڕەوەکان و قەیرانی دیموکراسی دەدات، لە ئێستاشدا کار لەسەر چەند پرۆژەیەکی پەیوەست بە پۆپۆلیزمی راستڕەو و کاریگەری پۆپۆلیزم لەسەر لیبراڵ دیموکراسی دەکات. هەورەها لە چەند بوارێکی گرنگدا توێژینەوە دەکات، وەك رەگەزپەرستیی نوێ و ئیسلامۆفۆبیا لە گوتاری نوخبەدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکیدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد کە پەیوەست بوون بە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە رۆژئاوا و مەترسییەکانی پۆپۆلیزم لەسەر دیموکراسی و چۆنیەتی گۆڕانی ژینگەی رۆژئاوا بۆ کەشێکی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی و تیرۆر، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.

### پرۆفیسۆر ئوریلییەن مۆندۆن
### پسپۆڕی بواری پۆپۆلیزم و رەگەزپەرستی بۆ گوڵان:

# زەقترین حاڵەتەکانی پۆپۆلیزم ئەوانەن کە ریشەیەکی ئایدیۆلۆژیایی هەیە و لەسەر بناغەی سیاسەتێکی رەگەزپەرستی دروست بوون

*** ئەوەی بۆتە مەترسی لەسەر دیموکراتیەتی رۆژئاوا دروشمی حزبە راستڕەوەکانە کە بەشێوازی پۆپۆلیستی مامەڵە لەگەڵ واقیعی ئەوروپا دەکەن، ئایا ئەمە جۆرێك لە مەترسی لەسەر دیموکراتی دروست نەکردووە؟**

- من دەڵێم لەم ساتەوەختەدا جۆری جیاوازی پۆپۆلیزم لە وڵاتە جیاوازەکاندا دروست بوون. ئەگەر دیاردەیەکی هاوبەش هەبێت لە نێو دیموکراسیەتە رۆژئاواییەکان، ئەوا بریتییە لە ناڕازیبوونی سیاسی، کە پۆپۆلیزمیش سوودی لێ وەردەگرێت، لە کاتێکدا دەکرێت هەندێ حاڵەتەکانی پۆپۆلیزم فۆرمێکی پێشکەوتنخواز وەربگرن، بەڵام زەقترین حاڵەتەکانی پۆپۆلیزم ئەوانەبوون کە ریشەیەکی ئایدیۆلۆژیایی هەبووە و تەنانەت لەسەر بناغەی سیاسەتێکی رەگەزپەرستی دروست بوون. لە راستیدا بەشێکی هۆکاری گەڕانەوەی فۆرمێکی دواکەوتووخواز و تاکڕەوی ناسیۆنالیستی بۆ

نەبوونی بەدیلێکی ئیجابی دەگەڕێتەوە کە پارتە تەقلیدییەکان نەیانتوانیوە بیخەنەڕوو، هەروەها بۆ شکستی ئەم پارتانە دەگەڕێتەوە لە پاراستنی خەڵکانی خۆیاندا.

*** پێشتر دیموکراتیەتی ڕۆژئاوا بە دیموکراتی نوێنەرایەتی و فرەحزبی ناسرابوو، حزبی سیاسی ئەڵقەی سەرەکیی بونیادی لیبراڵ دیموکراتی بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حزبەکانی ڕۆژئاوا سەرکردە پۆپۆلیستییەکان کاندید دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان، ئەمە مانای ئەوەیە حزبی سیاسی بۆتە هەڕەشە لەسەر دیموکراتی، ئایا کاتێك حزبی سیاسی دەبێتە هەڕەشە لەسەر دیموکراسی چ مانایەك بۆ دیموکراتی دەمێنێتەوە؟**

- تا ئێستاش پارتە سیاسییەکان بناغەی دیموکراسیەتی لیبراڵین و هێشتا لە زۆربەی وڵاتاندا حزبە میانڕەوەکانیان وەك بەهێزترین حزب ماونەتەوە. ئەگەر هەڕەشەیەك هەبێت لەسەر دیموکراسی، ئەوا ئەو بێتواناییەی ئێستایە لە ڕازیکردنی دەنگدەراندا و بێتواناییە لە پێشکەشکردنی پرسێك پێیان بۆ ئەوەی لە پێناویدا خەبات بکەن. کاتێك پرسی دەنگنەدان لەبەرچاو دەگرین، ئەوا پارتە پۆپۆلیستیەکان تەنیا دەرئەنجامێکی ئاسایی -ئەگەرچی نیگەرانگەریشن- بەدەست دەهێنن. ئەگەر سەرباری ئەمانە پرسی ئەو کەسانەش باس بکەین کە لە ڕوانگەیەکی ستراتیژییەوە دەنگ دەدەن، واتە ئەوانە لە دژی کەسێك دەنگ دەدەن، نەك لەبەر خاتری پرسێك، یان بابەتێك، ئەوا ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێت کە کێشەیەکی سیستماتیکی ڕاستەقینەت هەیە.

*** هەندێك لە پسپۆڕان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم سەرهەڵدانە بەرفراوانەی پۆپۆلیزم سەرەتای کۆتاییهێنانە بە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی، بەتایبەتی وەك لە ریفراندۆمەکەی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بینیمان و هەروەها ئێستاش وەك لە کاندیدی کۆمارییەکان دۆناڵد ترەمپ دەیبینین، ئایا چۆن ڕووخانی دیواری بەرلین بووە هۆی کۆتایی کۆمۆنیزم، سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمیش دەبێتە مایەی کۆتاییهاتنی دیموکراسی؟**

- پێموایە ئەمانە سەردەمگەلێکی زۆر جیاوازن. من خۆم بە دوور دەگرم لە ئەنجامدانی هەر بەراوردکارییەکی مێژوویی، لەبەر ئەوەی هەرگیز سیاقەکان چوونیەك نابن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ناچاربم بەراوردکارییەکی مێژویی بکەم، ئەوا —حاڵەتەکە لە ئێستادا- بە ڕۆژگاری ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەبینم، کە تێیدا چەندین بزووتنەوەی دواکەوتووخواز سەریانهەڵدا، کە لەکۆتاییدا بوونەهۆی ئەوەی ئەورووپا بەرەو فاشیزم سەربکێشێت. بۆ ئەوەی مەبەستەکەم بە ڕوونی بگەیەنم، من ناڵێم فاشیزم لە شێوەی نازییەتدا دەگەڕێتەوە، بەڵام ئێمە شایەتحاڵی هەڵکشانی سیاسەتە فاشییەکانین.

*** دیارە هەندێ پسپۆڕ دەڵێن، ژینگەی ڕۆژئاوا بۆتە باشترین ژینگە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆر و توندڕەوی و توندوتیژی، وەك ئەو تیرۆریستانەی لە ئەورووپاوە تێکەڵی داعش دەبن، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ناتۆ و ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا توانای کێشەکانی جیهانیان نەماوە؟**

- لە ڕاستیدا پۆپۆلیزمی ڕاستڕەو خۆی لە خۆیدا ڕەوتێکی بەهێز بوو، تەنانەت پێش دروستبوونی ئەوەی پێی دەڵێن قەیرانی کۆچبەران. هەرچۆنێك بێت، هاتنی کۆچبەران نەبووە هۆی بەهێزکردنی ئەم ڕەوتە، بەڵکو ئەوە شێوازی ئیدارەدانی کۆچبەران بوو لەلایەن سیاسی و ڕاگەیاندنەکانەوە، کە بوونە هۆی پتەوکردنی ڕەوتی پۆپۆلیزم.

*** کەواتە ئایا پێتوایە کە سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە ئەورووپا خزمەت بە ڕەوتە توندڕەوە و تیرۆریستییەکان، بەتایبەت ڕەوتە ئایینییە توندڕەوەکان دەکات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی باسك ئەستووربوونی ڕەوتە پۆپۆلیستەکان؟**

- ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. ئەم حاڵەتەی —ئێوە ئاماژەی پێدەکەن- بازنەیەکی داخراوی دروست کردووە، چونکە تیرۆریستان بەو ئامانجە هێرش دەکەنە سەر ڕۆژئاوا کە لێکترازانی تێدا دروست بکەن، ڕۆژئاواش سیاسەتێکی پیادە و پەیڕەو دەکات کە لێکترازانی لێدەکەوێتە، ئیدی حاڵەتەکە بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە ڕێگاچارەیەك بدۆزینەوە بۆ دەربازبوون لەم بە بنبەست گەیشتنە و کاربکەین بۆ گرتنەبەری سیاسەتێك کە نەبێتە هۆی پەراوێزخستنی هیچ لایەك.

**تا ئێستاش پارتە سیاسییەکان بناغەی دیموکراسیەتی لیبراڵین و هێشتا لە زۆربەی وڵاتاندا حزبە میانڕەوەکانیان وەک بەهێزترین حزب ماونەتەوە**

**بەشێکی هۆکاری گەڕانەوەی فۆرمێکی دواکەوتووخواز و تاکڕەوی ناسیۆنالیستی بۆ نەبوونی بەدیلێکی ئیجابی دەگەڕێتەوە کە پارتە تەقلیدییەکان نەیانتوانیوە بیخەنەڕوو، هەروەها بۆ شکستی ئەم پارتانە دەگەڕێتەوە لە پاراستنی خەڵکانی خۆیاندا**

# کۆنگرەی باڵای هانگچۆو ڕێگەی ئاوریشم



عەبدولحوسێن شەعبان
توێژەر و بیرمەندی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

ئەو کاتەی کە بیستەمین کۆنگرەی باڵای دەوڵەتان لە شاری هانگچۆی چوارەمین گەورە شاری چین بەسترا، خوێندنەوە مێژووییەکەی ڕێگەی ئاوریشمم لە سەردەمی زێڕینی عەرەب و موسڵمانانم هاتەوە یاد، چونکە ئەو شارە ناوەندی (ماڵی ئاوریشم) بوو، هاوکات لە هەردوو سەدەی دوازدەیەم و سێزدەیەمی زایینیدا پایتەختی بنەماڵەی سۆنگ بوو کە ئەو کاتە حکومڕانیی چینی دەکرد، لەم ڕووەوە ئیبن بەتوتەی گەڕیدەی عەرەبی لە ساڵی ١٣٤٨ی زایین لە سەردانەکەیدا بۆ چین ئاماژەی پێکردووە.

هانگچۆ شارێکی مێژووییە، ئەمڕۆ یەکەمین شارە لە زانستی زانیارییەکان لە چین، وێڕای پلەو پێگەی ئابووری و گەشتیاری، بە گەورەترین ڕکابەری شاری ئابووری و زانستی لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنرێت، کێ لەو باوەڕەدابوو کە شارەکانی چین لە پەنجاکان و شەستەکاندا بە دەست هەژاری و برسێتییەوە دەیانناڵاند، جارێکی دیکە بەرگی ئاوریشم لەبەربکەنەوەو ئۆتۆمبیلی گرانبەها بە شەقامەکانیاندا گوزەربکات، دوای ئەوەی کە خەڵکەکەی تەنیا بە پایسکل کاری ڕۆژانەیان رایی دەکرد.

لەم بۆنەیەدا کۆنگرەی دیالۆگی عەرەبی-چینی-م بیرکەوتەوە کە لە ساڵی ٢٠١٠ لە پەکین سازکرا، ئەو کاتە لەسەر داوای پەیمانگەی چینی بۆ توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان لە چوارچێوەی دیداری هزری عەرەبی سەردانی شارە زەبەلاحەکەی چین (شەنگەهای)مان کرد، لەو کۆنگرەیەدا نوێنەرانی ئوردن و یەمەن و میسر و ئیمارات و عێراق و کوێت و فەلەستینیش وەك ئەکادیمیستی فیکری و ڕۆشنبیری بەشدارییان کرد، وێڕای چەندین دیپلۆمات کە لە وڵاتانی عەرەبیدا کاریان کردبوو. گفتوگۆکان زیاتر لەسەر ئەوە بوون کە جۆرە حەزێك هەیە بەوەی کە چین ڕۆڵی گەورەتر لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بگێڕێت بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگیی هێزەکانی جیهانی، بەتایبەتیش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراویش کێشەی فەلەستیندا، نەخاسمە دوای ئەوەی ئەمریکا تاکڕەویی نواند لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی دا بەسەر تواناکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەڵامی چینییەکان( بە تاك و بە کۆ ) ئەوە بوو کە ئەوان یەکێتیی سۆڤییەتی پێشوو نین و نایانەوێت ئەو ڕۆڵە بگێڕن، هاوکات ئەوان دەوڵەتێکی گەشەسەندوون، تا ئێستاش بەدەست کێشەگەلێکی زۆرەوە دەناڵێنن، هەروەها نزیکەی ١٥٠ ملیۆن هاووڵاتی چینی لە سنووری هێڵی هەژاریدان، بەڵام هەمیشە کەمتەرخەم نابن لە گێڕانی ڕۆڵی ئابووری لە ڕێگەی دامەزراندنی پێوەندیی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهاندا.

دیارە چین هەر لە مێژوودا حەزی لەوە نەبووە لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا کاربکات، تەنانەت ئەو کاتەی جەمسەرێکی ململانێی ئایدیۆلۆجیش بوو لەگەڵ سۆڤیەت لە کۆتایی پەنجاکان و شەستەکاندا، ئەمەش بۆ هۆکارگەلێکی مێژوویی دەگەڕێتەوە کە پەیوەستن بە گۆشەگیرییەوە کە هەر خۆی دروستی کردبوو یان بەسەریاندا سەپاندبوو، چ بەر لە شۆڕشی کۆمۆنیستەکان لە ساڵی ١٩٤٩ و بە دیاریکراویش لە سەدەی نۆزدەیەمدا، یانیش دواتر بە هۆی سروشتیی سیستەمە سیاسییەکەی، چونکە ڕۆژئاوا دانی بە چینی نیشتمانی دادەنا، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکان کورسییەکەی چینی وەك ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیی تا بە بڕیاری ژمارە ٢٧٥٨ لە ساڵی ١٩٧١ بۆ نەگەڕاندەوە.

بەڵام کشانی ئابووری، کشانێکی جوگرافی و سەربازی و سیاسیی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەم

ڕێسایەش ناکرێت سەرپێچی لێبکرێت، بۆیە زۆر بەخێرایی چین لە دەریای ناوەڕاستدا پێگەی بۆ خۆی پەیداکرد، کە لەئێستادا بنکەیەکی لەنزیك تەڕتوسی بەندەری سووریادا هەیە، قسەی ئەوەش هەیە کە ڕەنگە بنکەیەك لە جیبۆتی و لە نزیك هەردوو بنکەی ئەمریکی و فەرەنسیدا دروست بکات، هەر ئەویش بوو کە بنکەیەکی سەربازی لە دوورگەی دەستکرد لە باشووری چین و دوور لە سنووری خۆیدا دروستکرد، چین پێوەندیی فراوانی لەگەڵ سودان و بە گشتیش لەگەڵ ئەفریقیادا هەیە، ئەمەش مانای وایە کە داهاتی ماددی و خۆشگوزەرانیی ئابووری هەژموونی سەربازی و سیاسیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەئاراوە، کە تەنیا قۆرخ نەبوو بۆ ئەمریکا و زلهێزەکانی دیکە، بەڵکو چین بە کڕینی پەڕاوی دارایی لە گەنجینەی ئەمریکا بە تەواوی کەوتەوە سەر ڕێچکە، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانیی واشنتۆن.

چین وەك دەوڵەتێکی مەزن کاتێ بە بڕواییەکی پتەوەوە هاتۆتەوە نێو بازنەی نێودەوڵەتییەوە لەگەڵ ڕووسیاو بەرازیل و باشووری ئەفریقیا و هیندستان هاوپەیمانیی بەستووەو دەوڵەتانی برێکسی پێکهێنا کە سیاسەتێکی پێچەوانەی ئەمریکای گرتەبەر، دەوڵەتانی برێکس پێش کۆنگرەی باڵای هانگچۆ بۆ هەماهەنگیکردنی هەڵوێستەکانیان کۆبوونەوە، تاکو بە شێوەیەکی زیاتر یەکگرتوو لە بیستەمین کۆبوونەوە دەربکەون، هاوکات چین کار لە سەر گەڵاڵەکردنی پڕۆژەی ئۆراس دەکات بۆ بەستنەوەی ئەوروپا بە ئاسیاوە، هەروەها دابینکردنی بازاڕگەلێك بۆ ڕکابەریکردن لەگەڵ بازاڕەکانی ئەمریکا، ئەوەی چاوەڕوانیش دەکرێت ئەوەیە کە ئەو بازاڕە لە ماوەی بیست ساڵی داهاتوودا بە چەندین جار بەسەر بازاڕەکانی ئەمریکادا ببووژێتەوە، کە ژمارەیان ٦٤ دەوڵەتەو ٤ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن کەس لێی سوودمەند دەبن.

خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژانەو ئەگەری هاتنەپاڵی دەوڵەتانی دیکەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو زیادبوونی هەژموونی چین لەو وڵاتانەدا، هەروەها بوونی هاوسەنگی لە ئەفریقیادا، ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەگەری پاشگەزبوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتی جیۆسیاسی و ئابووری، هەر ئەمەش دەبینین بۆتە مایەی مشتومڕی گەرمی نێوان کۆمارییەکان( دۆناڵد ترامپ) و دیموکراسییەکان( هیلاری کلینتۆن) لە میانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، کاتێ دەنگەکان زیاتر بەرزدەکرێنەوە بۆ گێڕانەوەی تواناو هێزی ئەمریکا.

کەواتە واشنتۆن چی دیکە ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەرهەمووواندا هەبێت، هۆکارەکەشی هەژموونی نێودەوڵەتیی چین و ڕۆڵی تازەی ڕووسیایە، وێڕای بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر واشنتۆن لە جیهانی سێیەمدا کە لەبەر سیاسەتی ئەمریکاو بەتاڵانبردنی سامانەکانیان زۆر مەینەتییان چێشتووە، لە کۆنگرەی بیستەمدا ئامادەبوونی سعودیە و تورکیا سەرنج و بایەخی چینی زۆر بەلای خۆییدا ڕاکێشا، ڕەنگە هۆکارەکەشی کەمبوونەوەی ڕۆڵی ئەمریکا لە داگیرکردنی ئەفغانستان بێت لە ساڵی ٢٠٠١ و عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، کە بووە هۆی داڕووخانی گەلانی ئەو دوو وڵاتە و ڕەنگدانەوە لەسەر دەوڵەتانی ئیقلیمی بە گشتی، ئەمە سەرباری سیاسەتی پشتگیریی و هاریکاریی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل کە نکوڵی لەمافی چارەی خۆنووسینی گەلی فەلەستین دەکات و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە پایتەختەکەی قودس بێت.

لە کۆنگرەی بیستەمدا چین و ڕووسیا دەستپێشخەربوون لە بانگەشەکردن بۆ چاکسازیی لە سەندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی پێوەندیی هەیە بە دەوڵەتانی گەشەسەندووی ئابووری و بازاڕەکانیانەوە، هەرچەندە زۆر لەمپەر لەبەردەم ئەم هەنگاوەدا هەیە، بەهۆی سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام ئەمە سەرەتایەکی هۆشیاریی تازەو سووربوونە لەلایەن دەوڵەتانی برێکس و دەوڵەتانی گەشەسەندوو کە لە ئەنجامی سیاسەتی ئابووریی ئەمریکا زیانیان پێ گەیشتووە، بە مەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی لە دامەزراوە ئابوورییەکانی نێودەوڵەتی.

چین ئەو وڵاتەی کە بەردەوام پێداگریی دەکرد کە دەوڵەتێکی گەشەسەندووە زۆر بە هێمنی هاتە مەیدانەوە و بەرەو گرتنەدەستی سەرکردایەتیی هەنگاوی هەڵێنا، ئەمەش لە میانی کۆنگرەی بیستەمی ساڵی ٢٠١٤دا بە ئاشکرا بەدەرکەوت، ئەو بە تەنیا دەوڵەتی مەزن نییە، بەڵکو زلهێزیشە، چونکە ناوەندی ئاوریشمە لە بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵدا، ئەمە وێڕای بنکەی زانستی و زانیاری لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەم ڕاستییانە لە کۆنگرەی باڵای هانگچۆدا زیاتر ڕوون بووەوە لە میانی چەندین گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیدا پلە بە پلەو هەنگاو بە هەنگاو دوای گرتنەبەری سیاسەتێکی تازە، ئەویش دوای مردنی ماوتسی تۆنگ لە ساڵی ١٩٧٦ و بەیاساکردنی توندوتیژی کە ماوەیەك لەسەردەمی شۆڕشی ڕۆشنبیریدا باوبوو.

هانگچۆ شارێکی مێژووییە و ئەمڕۆ یەکەمین شارە لە زانستی زانیارییەکان لە چین، وێڕای پلەو پێگەی ئابووری و گەشتیاری، بە گەورەترین ڕکابەری شاری ئابووری و زانستی لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنرێت

چین زۆر بەخێرایی لە دەریای ناوەڕاستدا پێگەی بۆ خۆی پەیداکرد، کە لەئێستادا بنکەیەکی لەنزیک تەڕتوسی بەندەری سووریادا هەیە، قسەی ئەوەش هەیە کە ڕەنگە بنکەیەک لە جیبۆتی و لە نزیک هەردوو بنکەی ئەمریکی و فەرەنسیدا دروست بکات

چین و ڕووسیا دەستپێشخەربوون لە بانگەشەکردن بۆ چاکسازیی لە سەندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی، ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی پێوەندیی بە ئابووری و بازاڕەکانی دەوڵەتانی گەشەسەندوو هەیە

یاسچا مۆونک پسپۆڕی تیۆری سیاسی بۆ گوڵان:

# کاتێک پۆپۆلیستەکان بەڵێنەکانیان پێ جێبەجێ ناکرێت ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی هێزەکانی دیکە

*** دیاردەیەکی بەربڵاو کە ئێستا لەوڵاتانی رۆژئاوا بەگشتی بەدی دەکرێت، بریتییە لە دروستبوونی پۆپۆلیزم، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا چۆن زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دروست بووە و هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێنەوە؟**

- لە راستیدا کاتێك نارازیبوون لەلایەن خەڵکەکەوە لە ئاست دۆخەکەدا دروست دەبێت، ئەوا بیرۆکەی ئەوە دروست دەبێت کە با رێگاچارەی نوێ تاقی بکرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە هەلومەرجی هەندێ وڵات بڕوانین، وەك هەنگاریا و پۆڵەندا، ئەوا بەرەوپێشچوونی ئابووری ئیجابی دەبینین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پۆپۆلیزم سەرهەڵدەدا و دروست دەبێت، کە پێموایە هۆکاری سەرهەڵدانەکەی پتر بۆ ترس و نیگەرانی لە ئاست جیهانگەرایی دەگەڕێتەوە- هەروەها ئەمە هەوڵێکە بۆ پارێزگاری کردن لە ناسنامە- واتە ترسیان هەیە لە گۆڕانی ناسنامە و شوناسیان، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە ناسنامەیەکی ئیتنی و نەتەوەیی قووڵیان هەیەو بیرۆکەی ناسیۆنالیستییان هەیە، واتە کاردانەوەیەك دروست دەبێت کاتێك هاتنی شەپۆلی کۆچبەران دەبینین دێنە وڵاتەکیانە. هەروەها لە وڵاتێکی وەك ئەمەریکا ئەوە بەدی دەکەین کە چین و توێژێك پێشتر پێگەیەکی نزمیان هەبووە، ئێستا پۆستی باڵایان لە کۆمەڵگەدا بەدەستەوەیە. لەبەر ئەوە چینەکانی دیکە زۆر توورەن لەبارەی پێگەکانیانەوە، لە بارەی ئاسایش و ئایندەیانەوە، بەڵام دەبێت سازانێك لە نێوان ئەم کەسانە و گروپە ئابوورییەکاندا بەدی بهێنرێت، واتە نابێت لایەنێك لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە بوونی هەبێت، بەڵکو دەبێت رێگایەك بدۆزنەوە بۆ پێکەوەکارکردن.

*** هەروەك ئاشکرایە کە خەسڵەتی پێشتری دیموکراسییەکانی رۆژئاوا بریتی بوو لەوەی کە دیموکراسی نوێنەرایەتی و فرەحزبی بوون، واتە پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی بنەڕەتییان هەبووە لە هێنانەئارای دیموکراسیەتی لیبراڵی، بەڵام لە ئێستادا ئەو دیاردەیە بەدی دەکەین کە هەندێ لە پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا کەسانی پۆپۆلیست کاندید دەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان، تا چەند ئەمە هەڵگری هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر دیموکراسی و راو بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە بیرۆکەیەکی گرنگە کە پارتە سیاسییەکان رۆڵی نوێنەرایەتی ببینین لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا. هەروەها من پێموایە مەترسی و هەڕەشەکە بریتییە لەوەی کەسە پۆپۆلیستیەکان دژ بە دامەزراوەکانن، لەبەر ئەوە کاتێك دەسەڵات دەگرنەدەست، ئەوا داوای هەڵگرتنی ئەو سنووربەندییانە دەکەن کە لەسەر دەسەڵاتەکانیان دادەنرێن و داوای لابردنی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن. هەروەها

**مەترسی و هەڕەشەکە بریتییە لەوەی کەسە پۆپۆلیستیەکان دژ بە دامەزراوەکانن، لەبەر ئەوە کاتێک دەسەڵات دەگرنەدەست، ئەوا داوای هەڵگرتنی ئەو سنووربەندییانە دەکەن کە لەسەر دەسەڵاتەکانیان دادەنرێن**



**یاسچا مۆونك پرۆفیسۆری تیۆری سیاسییە لە زانكۆی هارڤاردو لە توێژینەوەكانیدا تەركیز لەسەر تیۆری سیاسی و سیاسەتی بەراوردكاری دەكات. لە ئێستادا كار لەسەر پرسی قەیرانی دیموكراسیەتی لیبراڵی دەكات و چەندین توێژینەوەی بڵاوكردۆتەوە لەبارەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزمەوە. بۆ شرۆڤەكردنی هۆكارەكانی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم لە وڵاتانی رۆژئاوا و بۆ تاوتوێكردنی ئەو پرسەی كە تاچەند پۆپۆلیستەكان دەبنە مایەی قووڵكردنەوەی كێشەكان و نائومێدكردنی زیاتری خەڵك، گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بۆچوونەكانی كرد.**

بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ئەوان راستەوخۆ نوێنەرایەتی خەڵك دەكەن و دیموكراسیەتی جەماوەرین و نابێت بنەماكانی وەك ئازادی رادەربڕین بێتە نێوان حوكمڕانی و خەڵكەكەوە، لەبەر ئەوە پێیانوایە دەبێت خۆیانی لێ رزگار بكەن.

*** ئایا پێتانوایە پۆپۆلیزم هەڕەشەیەكی جددییە لەسەر دیموكراسی و دیموكراسیەتی لیبڕاڵی؟**

- بەڵێ پێموایە ئەگەری هاتنەئارای ئەم مەترسییە لەئارادایێت، واتە هەلومەرجێك دروست بێت كە دیموكراسی بیت، بە بێ ئەوەی لیبڕالی بیت، كە پێموایە ئەمەریكا دووچاری ئەم حاڵەتە دەبێت، ئەگەر هاتوو دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتوو بێت.

*** تێڕوانینتان چییە لەبارەی ئەو لێكدانەوەیەی كە پێیوایە پۆپۆلیستیەكان بەڵێنگەلێك بە خەڵك دەدن كە قابیلی جێبەجێنەكردن نەبن و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی نائومێدی خەڵك قووڵتر ببێتەوە، بەو پێیە ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی بازنەیەكی داخراو و ئاڵۆزكردنی زیاتری دۆخەكە؟**

- مەترسییەكە ئەوەیە كاتێك پۆپۆلیستەكان بەڵێنگەلێك بە خەڵك دەدەن و پێیان جێبەجێ ناكرێت، ئەوا ئەمە نابێتەهۆی ئەوەی خەڵكی بگەڕێنەوە بۆ گروپ و لایەنەكانی دیكە، چونكە پۆپۆلیستەكان شارەزاییەكی زۆریان هەیە لەوەی ئۆباڵی كێشەكانی بخەنە ئەستۆی لایەنی دیكە و بەرپرسیارێتی كێشەكان بخەنە ئەستۆی لایەنە دەرەكییەكان. بۆ نموونە ئەگەر لە هەڵسوكەوتی پوتین بڕوانیت، ئەوا سەرەڕای ئەدای خراپی ئابووری، بەڵام توانیویەتی قەیرانێكی دیكە بخولقێنێت و ئۆباڵی سەرهەڵدانی هەموو كێشەكانی بخاتەئەستۆ.

*** ئایا تا چەند دەتوانین ئۆباڵی دروستبوونی پۆپۆلیزم لە وڵاتانی رۆژئاوادا بخەینە ئەستۆی ئەو شەپۆلی كۆچبەرانەی كە لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیاوە روویان كردۆتە رۆژئاوا، بەتایبەتی كە دەبینین هەوڵی پێویست و گونجاو نەخراونەتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەو پەنابەرانە ئاوێتەی ئەو كۆمەڵگەیانە بكرێن، بەپێچەوانەوە ژینگەی رۆژئاوا بۆتە زەمینەیەكی لەبار بۆ دروستبوونی توندڕەوەی و تیرۆریزم، ئایا دەكرێت وەك دەرئەنجامێك بڵێین كە چیتر رۆژئاوا توانای مامەڵەكردنی لەگەڵ كێشەكانی جیهاندا نەماوە؟**

لە راستیدا ئەمە كێشەیەكی راستەقینەیە و من لەم رووەوە تا رادەیەك رەشبینم، لەبەر ئەوە مەنهەجی پەروەردە لە وڵاتانی رۆژئاوادا بە چەشنێك نییە كە ببێتەهۆی ئاوێتەكردنی ئەو كەسانەی دەچنە ئەو وڵاتانەوە، كە پێویستە لەسەر باشتركردنی سیستمی پەروەردەیی كاربكرێت بۆ ئەوەی دەرئەنجامی باشتری لێبكەوێتەوە.

**مەنهەجی پەروەردە لە وڵاتانی رۆژئاوادا بە چەشنێک نییە كە ببێتەهۆی ئاوێتەكردنی ئەو كەسانەی دەچنە ئەو وڵاتانەوە، كە پێویستە لەسەر باشتركردنی سیستمی پەروەردەیی كاربكرێت بۆ ئەوەی دەرئەنجامی باشتری لێبكەوێتەوە**